خەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5693) چوارشەممە 13ی شوبات 2019 «16» لاپەرە «500» دینار

پێنج هەزار پارچە چەک لە هەولێر لەناو بران



وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێنج هەزار پارچە چەکی لەناوبرد و فەرماندەیەکی پۆلیسیش رووبەڕووکردنەوە دەدات. دوێنێ سێشەممە 2019/2/12 لە هەولێر نزیکەی پێنج هەزار چەکی بێ مۆڵەت لەناوبران و بڕیارە بۆ ئەمڕۆش پێنج هەزار پارچە چەکی جۆراوجۆری دیکەش لەناو ببرێن. موقەددەم نالی نەوزاد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتیی دژبایی جۆری لە وەزارەتی ناوخۆ بە ئاژانسی باسنیوزی ڕاگەیاندوە، چەکەکان لەلایەن ئاسایشەوە بەهۆی نەبوونی مۆڵەت، دەستیان بەسەردا گیراوە و بە فەرمانی کەریم شنگالی وەزیری ناوخۆ لەناو بردران.

ئەو فەرماندەیەی وەزارەتی ناوخۆ ئاماژەی بەوەش دا، لێژنەیەک بۆ لەناوبردنی ئەو چەکانە پێکهێنرا و ئەو چەکە بێ مۆڵەتانەی لەناو برد و بڕیارە ئەمڕۆ چوارشەممە 2019/2/13 پێنج هەزار پارچە چەکی دیکە لەناو ببردرێن. بەپێی زانیارییەکان، ئەو چەکانەی لەناو بردراون چەکی خراپ بوون و بە کەڵکی بەکارهێنان نەماون.

یاسای بودجەی 2019ی عێراق لە ڕۆژنامەی وەقائیعی فەرمیی حکوومەتدا بڵاوکرایەوە 3



لە هەولێر شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانیان کرد..

بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دوێنێ سێشەممە 2019/2/12 شاندێکی بااڵی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوو لە هۆشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی و عەلی حوسێن ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی، دلشاد شەهاب ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و دکتۆر فرسەت سۆفی، سەردانی بارەگای حزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستانیان بەشدار لە پەرلەمانی کوردستان لە شاری هەولێر کرد. لەکۆبوونەوەیەکدا شاندی بااڵی پارتی لەگەڵ عەبدوڵڵا حاجی مەحمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ژمارەیەک مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی سۆسیالیست، پرسی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی کوردستان و بەشداری کردنی لایەنەکان و هەماهەنگییەکان بۆ ئەم پرۆسەیە گفتوگۆی لەسەر کرا، هاوکات جەخت لە هێنانەکایەی حکوومەتێکی بەهێزو خزمەتگوزار بۆ ئەم قۆناغە کە لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و خزمەت کردن و باشترکردنی ژیانی خەڵکی کوردستان بێتەکایەوە.

پارتی و کۆمەڵ کۆبوونەوە

مەحمود محەمەد: دوای کۆبوونەوەی پەرلەمان یاسای دامەزراوەیی سەرۆکایەتی هەرێم کارا دەکرێتەوە

ڕێبوار حەمەد: کۆمەڵ بەشداری لە کۆبوونەوەی 18 مانگی پەرلەمانی کوردستان دەکات



دوێنێ سێشەممە 2019/2/12 شاندێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵی نیسلامی کۆبوونەوەکەدا پێتەوکردنی پەیوەندییەکان و پرسی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت و کۆبوونەوەی 18ی مانگی پەرلەمانی کوردستان تاوتوێکرا. دوای کۆبوونەوەکەش هەردوو گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵی نیسلامی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا تیشکیان خستە سەر ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە و، ئاماژەیان بە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد.

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەحمود محەمەد گوتی: ئێمە بەردەوام هەوڵماندواوە کە پەیوەندییەکانی نێوانمان جیابکەینەوە لەگەڵ هەموو هێزەکانی کوردستان و بە تایبەتی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی خۆمان، بەڵام بەداخەوە ئەوەی ئێستا ڕوودەدات ئەوە نییە کە ئێمە چاوەڕێمان دەکرد، ئێمە پێشوەختریش کە سەردانی هەرێمی کۆمەڵی نیسلامیمان کرد هەندێک بابەت قسەی لەسەرکرا و، تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردەوە کە پەیوەندییەکانمان دەبێت بەڕەو باشتر بچن و قۆناغێکی نوێ هاتووەتە ئاراوە. لەبارەی هەنگاوەکانی دوای کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان، مەحمود محەمەد گوتی: لای ئێمە وەکو بڕیاردراوە کە 18ی مانگ کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان تەواو بکرێت، دوای کۆبوونەوەی پەرلەمانیش، یاسای دامەزراوەیی سەرۆکایەتی هەرێم کارا دەکرێتەوە، تا ئێستا ئێمە و یەکێتی و لایەنەکانی دیکەش، گفتوگۆیەک لەسەر ئەو پۆستە لەنێوانماندا نەبووە و کاتێک دەچێتە پەرلەمان لەوێ گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، ئێستا ئەوەی لەبەر دەستە ئەوەیە کە ئەو پۆستە سڕکراوە و دەبێت کارا بکرێتەوە.



هێزی پێشمەرگە بۆ 15یەکەی ئیداری لە سنووری پارێزگای مووسڵ دەگەڕێتەوە

3



دایکێک و دوو منداڵی ئێزدی لەدەست داعش ڕزگارکران

4

ئومێد خۆشناو بۆ خەبات:

سەرۆکی کاتیی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان کۆدەبنەوە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد، کە لە دوو ڕۆژی داهاتوودا کۆبوونەوەیەک بە مەبەستی دیاریکردنی بەرنامەی کاری دانیشتنەکەی پەرلەمان بەڕێوە دەچێت. ئومێد خۆشناو، لە فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، ڕۆژی پێنجشەممە 14ی شوباتی 2019 کۆبوونەوەیەک لەنێوان سەرۆکی کاتیی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمان بەڕێوە دەچێت. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە کۆبوونەوەکە بە مەبەستی دانانی بەرنامەی کاری دانیشتنەکەی 18ی شوباتی 2019ی پەرلەمانە، کە پێشتر پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر ئەنجامدانی ڕێککەوتوون.



گۆڕانکاری لە تاقیکردنەوەی قوتابیان دەکرێت

8

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی لە بەرژەوەندیی خاوەن تەکسییەکان دەرکردووە

بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراق.. ژنێک حەوت منداڵی بە سکێک بوو

لە پارێزگای دیالە خۆرهەڵاتی عێراق، ژنێک حەوت منداڵی بە سکێک بوو. لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لە لایەن فەرمانگەی تەندروستیی دیالەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە ژنێکی دانیشتووی شارەکە، حەوت منداڵی بە سکێک بووە کە شەشیان کچ و یەکێکیان کوڕە. ئاماژە بەوەشکراوە ژنەکە لە نەخۆشخانەی فێرکاریی بەتول، منداڵەکانی بەشێوەیەکی سروشتیی بووە. فەرمانگەی تەندروستی دیالە ڕاشیگەیاندووە، پێشتر حاڵەتی لەدایکبوونی حەوت منداڵ بە سکێک لە عێراق تۆمارنەکراوە.

2 فراکسیۆنی پارتی بەڵێنیان داوە یاسایەک بۆ قەرەبووکردنەوەی جینۆساید لە کوردستان دەربکەن

عارف تەیفور: کێشەکانی بەغدا و هەرێم و 2 کەرکووک سێ کێشەی لەیەک جودان



3

ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی: لە 50 دەوڵەتی جیهاندا مەسیحییەکان دەچەوسێنرێنەوە و خراپترینیان دەوڵەتە عەرەبییەکانن

پارتی و کۆمەڵ کۆبوونەوە

مەحموود محەمەد: بە باش زانراوە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک وەکو دەستپێک لە هەولێر بێت

رێبوار حەمەد: کۆمەڵ بەشداری لە کۆبوونەوەی 18 مانگی پەرلەمانی کوردستان دەکات



دوێنێ سێشەممە 2019/2/12 شاندێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کۆبوونەوە، لەکۆبوونەوەکەدا پێوەکردنی پەیوەندییەکان و پرسی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت و کۆبوونەوەی 18ی مانگی پەرلەمانی کوردستان تاوتوێکرا. دوای کۆبوونەوەکەش هەردوو گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا تیشکیان خستە سەر ناوەرۆکی کۆبوونەوەکە و، ئاماژەیان بە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد.

لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەحموود محەمەد گوتی: ئێمە بەردەوام هەوڵماندا کە پەیوەندییەکانی نێوانمان جیابکەینەوە لەگەڵ پەیوەندی ئەحزاب و حکوومەت، ئێمە پێشوەتریش کە سەردانی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیمان کرد هەندێک بابەت قسەی لەسەرکرا و، تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردەوە کە پەیوەندییەکانمان دەبێت بەرەو باشتر بچن و قۆناغێکی نوێ هاتووەتە ئاراوە.

لەبارەی هەنگاوەکانی دوای کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان، مەحموود محەمەد گوتی: لای ئێمە وەکو بڕیاردراوە کە 18ی مانگ کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دەدرێت، دوای کۆبوونەوەی پەرلەمانیش، یاسای دامەزراوەیی سەرۆکایەتی هەرێم کارا دەکرێتەوە، تا ئێستا ئێمە و یەکێتی و لایەنەکانی دیکەش، گفتوگۆیەک لەسەر ئەو پۆستە لەنێوانماندا نەبووە و کاتێک دەچێتە پەرلەمان لەوێ گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، ئێستا ئەوەی لەبەر دەستە ئەوەیە کە ئەو پۆستە سڕکراوە و دەبێت کارا بکرێتەوە.

گوتەبێژی پارتی گوتیشی: من پێم باشە بەردەوام تەئکید لەسەر ئەوە بکەین کە ئێمە ئەحزابی سیاسیین و جیاوازی بۆچوونمان هەیە و ئەم تێڕوانینە جیاوازییە بارگاویبە بە ئایدیا و ئایدئۆلۆژی جیاواز، ئەمەش وا دەکات کە مونافەسە دروست بێت لەسەر ئەوەی کێ شتی باشتر پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکات، ئەمەش شتێکی ئاسایی و دەبێت بەردەوام هەبێت، بەڵام بابەتی ئۆپۆزسیۆن جیاوازە چونکە لایەنێک کە بەشدار دەبێت لە حکوومەت ئەوا دەبێت بەشێک لە کارنامەی خۆی لە کارنامەی حکوومەت بچەسپێنێت و گوزارشت لە کارنامەکەی حکوومەت بکات، نابێت لایەنێک لە ئۆپۆزسیۆن بێت و لەناوحکوومەتیش بێت.

لەبارەی کاریگەری کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بەسەر کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە بڕیارە لە یەک رۆژدا ئەنجام بدرێت، مەحموود محەمەد گوتی: دوو شتی لێکتر جیاوازن و ئەو کێشانەی کە لە بەغدا و کەرکووک و هەرێم هەیە هەریەک چارەسەری تایبەتی سیاسیی و یاسایی خۆی هەیە، تا ئێستا چەند بەشدار دەبن و کێ بەشدار دەبێت، ئەوا ئەنجوومەنی پارێزگا خەریکی ئەجێندایەکن و ئەوەی کە بە باش زانراوە کۆبوونەوەی ئەنجوومەن وەکو دەستپێک لە هەولێربێت و دواتریش دەکەوێتە سەر بڕیاری خۆیان لە کوێ دەیکەن.

لای خۆیەوە رێبوار حەمەد، گوتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی رایگەیاند: ئێمە لەگەڵ ئەوەداین پەیوەندی پێوەمان هەبێت و پەیوەندیی لەنێوان لایەنەکان نەپچڕێت. لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ پارتی باسی دۆخی هەرێمی کوردستان و عێراقمان کرد. لە بەشێکی دیکەی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا رێبوار حەمەد، ئاشکرای کرد: کۆمەڵی ئیسلامی بەشداری لە کۆبوونەوەی 18 مانگی پەرلەمانی کوردستان دەکات.

عارف تەیفور: کێشەکانی بەغدا و هەرێم و کەرکووک سێ کێشەی لەیەک جودان



دوێنێ سێشەممە شاندێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی و هەڵەبجە بە بۆنەی یادی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە، سەردانی کۆنسوڵخانەی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان لە شاری سلێمانی کرد. دوای سەردان و کۆبوونەوەی شاندەکەی پارتی لەگەڵ کۆنسولگەری ئێران لە سلێمانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، عارف تەیفور بۆ دەزگاکانی راگەیاندن دوا و گوتی: پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران باشە و ئەوەی لە ئێرانەوە دەبیبنین پشتیوانیان هەیە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەوڵ دەدەین بە هەردوولاوە چی لە بەرژەوەندی هەرێم و میللەتەکەمانە جێبەجێی بکەین. لە بارەی کۆبوونەوە و گفتوگۆکانی تایبەت بە پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم و بەستنەوەی پرسەکانی بەغدا و کەرکووک و هەرێم پێکەوە وەک لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە داوای دەکرێت، عارف تەیفور گوتی: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەتەنها و لە لای خۆیەوە داوای یەک پاکێجی دەکات، ئێمە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان نە کێشەی هەرێم نە کێشەی کەرکووک نە کێشەی بەغدا بە یەکیان نابەستینەوە، سێ کێشەی لەیەک جیاوازن، لەبەر ئەوە ئێمە رێککەوتووین لەگەڵ یەکێتی و ئیمزامان کردووە لەسەر چەند خاڵێک، یەک لەو خاڵانە بۆ 18ی مانگ کۆبوونەوەی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بێت و سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرێت، هیوادارین ئەوە ببێت و دواتریش کێشەکانی تر لە کێشەی کەرکووک و کێشەی بەغدا دەتوانین باسی بکەین و لە کۆبوونەوە و دانوستاندا بین. عارف تەیفور لە بارەی بەشداریکردنی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە حکوومەت کە پێشتر شاندی مەکتەبی سیاسی پارتی سەردانی ئەو حزبەی کردووە و دوێنێش شاندێکی کۆمەڵ سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی لە هەولێر کردووە دوا و گوتی: سەبارەت بە کۆمەڵی ئیسلامی، بە مافی خۆیانی دەزانین ئەگەر بەشدار ببن لە حکوومەت کە هەوت کورسییان بەدەستهێناوە، ئەگەر حەزیان لێبێت بەشداری بکەن ئەوە ئێمە مانیعمان نییە و پێشوازییان لێدەکەین، ئێمە کە سەردانمانکردن وەک سەردانێکی حزبی بووە و بۆ باسی حکوومی نەبووە.



فراکسیۆنی پارتی لەگەڵ چەند فراکسیۆنێکی نێو پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە

هێمن هەورامی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێگەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک نووسیویەتی، ئاماژەکارییەکانمان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ کۆبوونەوەکەی 18ی 2ی پەرلەمان درێژەیان هەیە و دوێنێ سێشەممە وەکو شاندی فراکسیۆنی پارتی، سەردانی فراکسیۆنی یەکگرتوو، پێکهاتەی تورکمان، پیکهاتەی کلدان، سریان و ئاشووریان کرد و پێشوازیان لە شاندی فراکسیۆنی یەکێتیش کرد. هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆبوونەوەی 18ی شوباتی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە تێیدا دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵبژێردرێت، لە ماوەی چەند رۆژێ ڕابردوودا فراکسیۆنی پارتی سەردانی زۆربەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کردووە و لەلایەکی دیکەشەوە شاندی دانوستانکاری پارتی بۆ گفتوگۆ لەسەر پێکهێنانی حکوومەت و کابینەی نوێی حکوومەت، سەردانی حزب و پێکهاتەکانی تورکمان، کلدان و ئاشوور و سریانیان کردووە.

فراکسیۆنی پارتی بەڵێنیان داوە یاسایەک بۆ قەرەبووکردنەوەی جینۆساید لە کوردستان دەربکەن

ئەیاد کاکەیی: تا ئێستا یاسایەک لە کوردستان نییە باس لە قەرەبووی جینۆساید بکات

ئاورینگ شێخ عەلی: ئەوەی بەرانبەر بە کورد کراوە هیچی کەمتر نییە لە جینۆسایدی ژاپۆن



پارێزگای شاری وانی باکووری کوردستان بڵاویکردەوە بۆ ماوەی چوار رۆژ لەسەرانسەری شارەکەدا سازکردنی رووبەندکردنەوەی رۆژنامەوانیی و چالاکی دانیشتن بە مەبەستی پشتیوانییکردن لە پەرلەمانتاری هەکاریی هەدەپە، لەیلا گوڤەن، قەدەغەکراوە. لە راگەیەندراوێکدا کە لە لایەن پارێزگای وان بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە ئەو چالاکییانەی کە بە مەبەستی پشتیوانیی لە لەیلا گوڤەن سازدەکرێن رەنگە لە لایەن رێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە بە مەبەستی دروستکردنی کەشتیکی نائارام وەک ئامانج هەڵبژێردرێن و ئەوەش ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئاشتیی کۆمەڵایەتیی. پارێزگای وان ئاشکراشی کردووە رۆژانی 12 بۆ 15ی شوبات لەنێو سنوورەکانی واندا، سەرجەم کۆبوونەوەکان لە ڕووبەرە کراوە و داخراوەکاندا کە ناوەڕۆکەکەیان پشتیوانیی بێت لە گوڤەن، گردبوونەوەکان و ڕوونکردنەوەی رۆژنامەوانیی، چالاکی دانیشتن، رێپێوان، خۆپیشاندان و هەموو جۆرە کردەوە و چالاکییەکی لەو جۆرە قەدەغە کراوە.

باکووری کوردستان... لە شاری وان خۆپیشاندان و رێپێوان قەدەغەکرا

پارێزگای شاری وانی باکووری کوردستان بڵاویکردەوە بۆ ماوەی چوار رۆژ لەسەرانسەری شارەکەدا سازکردنی رووبەندکردنەوەی رۆژنامەوانیی و چالاکی دانیشتن بە مەبەستی پشتیوانییکردن لە پەرلەمانتاری هەکاریی هەدەپە، لەیلا گوڤەن، قەدەغەکراوە. لە راگەیەندراوێکدا کە لە لایەن پارێزگای وان بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە ئەو چالاکییانەی کە بە مەبەستی پشتیوانیی لە لەیلا گوڤەن سازدەکرێن رەنگە لە لایەن رێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە بە مەبەستی دروستکردنی کەشتیکی نائارام وەک ئامانج هەڵبژێردرێن و ئەوەش ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئاشتیی کۆمەڵایەتیی. پارێزگای وان ئاشکراشی کردووە رۆژانی 12 بۆ 15ی شوبات لەنێو سنوورەکانی واندا، سەرجەم کۆبوونەوەکان لە ناوەڕۆکەکەیان پشتیوانیی بێت لە گوڤەن، گردبوونەوەکان و ڕوونکردنەوەی رۆژنامەوانیی، چالاکی دانیشتن، رێپێوان، خۆپیشاندان و هەموو جۆرە کردەوە و چالاکییەکی لەو جۆرە قەدەغە کراوە.

کۆنگرێسمانانی ئەمەریکا گەیشتن بە رێککەوتن بۆ ئەوەی حکوومەتی فیدرالی دانەخرێت



کۆنگرێسمانانی پارتی کۆماری و پارتی دیموکرات گەیشتوون بە رێککەوتنێکی "بەرایی" لەبارەی ئاسایشی سنوورەکان بۆ ئەوەی بۆ جاری دووەم حکوومەتی ئەمریکا دانەخرێت. سیناتۆری کۆماری، ریچار ئیلبی بە میدیاکانی راگەیاند کە کۆنگرێسمانانی پارتی کۆماری و پارتی دیموکرات گەیشتوون بە رێککەوتنێکی "بەرایی" لەبارەی شەش پرۆژەیاسا بە ئاسایشی سنوورەکانیشەوە. دوو نوێنەری هەردوو پارت تاوتوێی ئەم بابەتەیان کردووە و گەیشتوون بە لێکتێگەیشتن بۆ ئەوەی حکوومەت دانەخرێت. بەپێی ئەو هەواڵانەیش کە لە میدیاکان بڵاوکراونەتەوە دیموکراتەکان رازی بوون لەوەی کۆنگرێسمانانی پارتی کۆماری و پارتی دیموکرات گەیشتوون بە رێککەوتنێکی "بەرایی" لەبارەی شەش پرۆژەیاسا بە بەڵام لە دژی دروستکردنی دیوار لە سنووری مەکسیک وەستاونەتەوە. بە هۆی ناڕازیبوونی دیموکراتەکان لە داواکاری تەرەمپ بۆ تەرخانکردنی بڕی پێنج ملیار و 700 ملیۆن دۆلار بۆ دروستکردنی دیوار لە سنووری نێوان ئەمریکا و مەکسیک بۆ ماوەی 35 رۆژ حکوومەتی فیدرالی ئەمریکا بە داخراوی مایەوە.

کۆبوونەوەکانی ئەمەریکا گەیشتن بە رێککەوتن بۆ ئەوەی حکوومەتی فیدرالی دانەخرێت

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
چوارشەممە 2019/2/13 ژمارە (5693)

هێزی پێشمەرگە بۆ 15یەکەی ئیداری لە سنووری پارێزگای مووسڵ دەگەڕێتەوە

سەیدۆ چەتۆ: پێویستە حەشدی شەعبی لە ناوچەکەدا نەمێنن و حکوومەتی عێراق ئەو کێشەیە چارە بکات



سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ گوتی، ئەوان پێشوازی لە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیداریی هەرێمی کوردستان دەکەن و بڕیاریشە هێزی پێشمەرگە بۆ 15 یەکەی ئیداری لە سنووری پارێزگای مووسڵ بگەڕێتەوە. سەیدۆ چەتۆ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراقدا کراوە، هێزی پێشمەرگە بۆ 15 یەکەی ئیداری لە سنووری پارێزگای مووسڵ دەگەڕێتەوە، کە بریتین لە مەخموور و ئەو چوار ناحیەیەی سەر بە مەخموورن، قەراج و دیبەگە، مەلاقەرە و گوێڕ، شێخان و زومار، فایدە و ئەلقووش، وانکێ و شنگال، سنوونێ و قەحتانییە، گرعوزێر و قەیرەوان، کە ئەم 15 یەکە ئیداریە سەر بە ماددەی 140ن و هێزی هاوبەش بۆ ئەو ناوچانە دروست دەکرێت. چەتۆ گوتیشی، ئەو هێزە هاوبەشەی دروست دەکرێت، بەردەوام دەبن لە پاراستنی ئەمنییەت لەو ناوچانە تاوەکو کێشەی ماددەی140 چارە دەکرێت، "ئێمەش پێشوازی و پشتیوانی لە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە دەکەین". دەشڵێ، پێویستە حەشدی شەعبی لە ناوچەکەدا نەمێنن و حکوومەتی عێراق ئەو کێشەیە چارە بکات، چونکە کە هێزی هاوبەش هاتە ناوچەکە، نابێت حەشدی شەعبی لەوێ بوونی هەبێت، "بۆیە داوا دەکەین بە زووی ئەو هێزانەی حەشد لە مووسڵ دەربکرێن".



هاوسەرۆکی گشتی هەدەپە: لە 31 ئادار هەموو قەییومەکان و پاشماوەکانیان بە یەکجاری رادەماڵین

هاوسەرۆکی گشتی هەدەپە، سەزایی تەمەللی رایگەیاند، لە 31ی ئادار هەموو پێکەوە دەچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان لە پێناو داهاتوو و ئیرادەمان. هەموو قەییومەکان و پاشماوەکانیان بە یەکجاری رادەماڵین. تەمەللی لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەیدا لە پەرلەمانی تورکیا ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەندامانی پارتەکەی کە لە پارێزگاکانی دیکەیەوە هاتوون بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ئەنقەرە لە دەروازەی ئەنقەرە ڕێگەیان لێگیراوە. تەمەللی ئاماژەی بەوەش دا کە پەرلەمانتاری بازنەی هەکاری پارتەکەیان لەیلا گوڤەن ماوەی 97 ڕۆژە لە گرتووخانە مانی لە خواردن گرتووە. لەبارەی ستراتیجیەتی پارتەکەشیان بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، سەزایی تەمەللی گوتی: لە هەرکۆبیەکی تورکیا دەنگ بدرێت بۆ پاشەکشەکردن بە هاوپەیمانی ئاکەپە/ مەهەپە دەنگێکە دەدرێت بە ئاشتی لە تورکیا. ناپێ هەرگیز لەبیری بکەین دەنگەکانمان لە ئیستانبوڵ و ئاداناوە سڵاو لە خەڵکی جزیرە، سور و سلۆپی دەکەن. دڵنیابن دەنیی ئەو مۆرەی لە مووش بە خانەی هەدەپە دادەهێندرێت دەنگەکەی لە ئیستانبوڵ دەبیسترێت. لە 1ی نیسانەوە یان جەمسەری ئاکەپە/ مەهەپە بەهێز دەکرێت کە جەنگێکی گەورەی کۆمەڵگای لێ هەڵدەگیرسێ یان شکست بەو هاوپەیمانییە فاشیستییە دەهێندرێت. با کەس بەهەڵەدا نەچێ و وابزانێ ئەمە بەس هەڵبژاردنی شارەوانییەکانە. پارتەکەمان لەو قۆناغەدا بوێرانە بڕیارێکی بەهێز و گرنگی دا.

ڕاشیگەیاند: ئێستا ئەمە ڕیفراندۆمێکی دیموکراسییە. 24ی حوزەیران دووەمین خولە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی حسابی هەڵبژاردنی هیچ کەسێک زەمینەی سیاسیی خواستی گەلەکامان بنیاتنا. ئەوانەی دوورن لە تێگەیشتن لەوە ئەوانەن کە کولتووری دیموکراسی نەبووەتە نسیبیان و بەرۆژ و شەو هەدەپە تۆمەتبار دەکەن. ئەو تۆمەتبەخشەڕەوانە دوێنێ لە مەیدانی تەقسیم، لە ئیستقلال وەلامیان وەرگرت. لە هەموو شوبهێک بەردەوام دەبین لە دانەوەی ئەو وەلامە. هاوسەرۆکی گشتی هەدەپە، تەمەللی گوتیشی: 31ی ئادار هەموو پێکەوە دەچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان لە پێناو داهاتوو و ئیرادەمان. هەموو قەییومەکان و پاشماوەکانیان بە یەکجاری رادەماڵین. لەلایەکی دیکەشەوە، پێش کۆبوونەوەی فراکسیۆن تەماشای ئەو پەیامە ڤیدیۆییە کرا کە پەرلەمانتاری هەکاری هەدەپە، لەیلا گوڤەن ناردبووی.



ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی: لە 50 دەوڵەتی جیهاندا مەسیحییەکان دەچەوسێنرێنەوە و خراپترینیان دەوڵەتە عەرەبییەکانن

خەبات- مەریوان ندقشبەندی

بەپێی تازەترین ڕاپۆرتی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی، لە 50 دەوڵەتی جیهان مەسیحییەکان بەهۆی بێروباوەڕیانەوە دەچەوسێنرێنەوە و دەکوژرێن و دەردەکرێن و ناچار بەکۆچکردن دەکرێن و موڵک و ماڵیان داگیردەکرێت و لەهەندێ وڵاتیش کچەکانیان بەکەنیزە و جاریە دەکرێن و ئاماژەش بۆ کەمتەرخەمی داموودەزگا حکومییەکان و تەنانەت چەوساندنەوەی جەماوەری و کەراهیەتی کۆمەڵگەکانی دژی مەسیحیەکان و ئایینی مەسیحی کراوە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دەرگا کراوەکان "open doors" کە ڕێکخراوێکی مەسیحییە و ساڵانە ڕاپۆرت لەسەر بارودۆخی مەسیحیەکان لەسەرتاسەری جیهان ئاماده و بڵاودەکاتەوە، لەدوا ڕاپۆرتیدا کە ئەمساڵ 2019 بڵاوی کردۆتەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تائێستاش لە 50 پەنجا دەوڵەتی جیهان مەسیحییەکان بەشێوازی جۆراوجۆر دچەوسێنرێنەوە و لەناو ئەو 50 دەوڵەتەش17 دەوڵەتی عەرەبی تێدایە.

بەپێی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکە ساڵی 2018 ژمارەی ئەو مەسیحیانەی کە لەم50 دەوڵەتە کوژراون گەیشتۆتە لە 4305مەسیحی لەکاتێکدا ساڵی 2017 ژمارەی ئەو مەسیحیانەی لە هەمان ئەم دەوڵەتانە کوژراون 3066 بەو مانایەی ئاست و ژمارەی هێرش و تووندوتیژی لەساڵی 2018 زیاتر بووە لە ساڵی 2017 و وڵاتی نەیجیریا لە ریزبەندی یەکەمی ئەم وڵاتانەدێت کە بەهۆی هێرشەکانی گروپی تیرۆرستی بۆکۆ حەرامەوە زۆرترین ژمارەی مەسیحی لەو وڵاتەدا کوژراوە.

هەربەپێی ریزبەندی خراپترین وڵاتانی جیهان بۆ ژیان و گوزەرانی مەسیحیەکان لەناو ئەو 50 دەوڵەتە 17 وڵاتی عەرەبی دێن کە عێراق لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی شەشەم خراپترین وڵاتە بۆ مەسیحیەکان و لەسەر ئاستی جیهانیش 13یەمین وڵاتە، ڕاپۆرتەکە ژمارەی ئێستای مەسیحیەکانی عێراقی بە نزیکەی 225 هەزار کەس خەملاندووە.

ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینیە لەم ڕاپۆرتەدا کە عێراقی وەک یەکێک لە خراپترین وڵاتی جیهان بۆ مەسیحیەکان لەقەڵەم داوە کە تیایدا مەسیحیەکان دەکوژرێن و گوشاری جۆراوجۆریان لێدەکرێت، ئاماژە بۆ هەرێمی کوردستان نەکراوە کە بەپێی ئاماری نزیکەیی چەند ڕێکخراوێکی ناحکومیش نزیکەی 90%ی مەسیحیەکانی عێراق حاڵی حازر لەکوردستان دەژین و نیشتەجێبوون و بەهۆی خراپی باری ئەمنی و خزمەتگوزاری نایانەوێ بگەڕێنەوە بۆ مووسڵ و دەشتی نەینەوا و شوێنەکانی خۆیان لەناوەڕاست و باشووری عێراق و لەم 10 ساڵەی ڕابردووشدا هیچ مەسیحیەک لەهەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای ئایینی نەکوژراوە و زەوی و زاریشیان داگیرنەکراوە و هیچ گوشارێکیان لەسەر نییە و سەرۆکایەتی هەرێم و حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیش بەهەموو توانایەکیان هاوکار و پشتیوانی مەسیحیەکان بوون و زۆربەی هەرەزۆری ئاوارە مەسیحیەکانی عێراق و سوریا و وڵاتانی ناوچەکەش لەکاتی لێقەوماندا پەنایان بۆ هێزی پێشمەرگە و ئارامی هەرێمی کوردستان هێناوە.

فراکسیۆنی پارتی سووڕە لەسەر تێپەڕاندنی پرۆژەی یاسای چاکسازی



ئەندامێکی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی ڕایدەگەیەنێت، فراکسیۆنی پارتی لەم خولەی پەرلەماندا سووڕە لەسەر تێپەڕاندنی پرۆژەی یاسای چاکسازی.

بەهەمەن کاکە عەبدوڵا، ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لەبارەی بەرنامەی فراکسیۆنی پارتی بۆ پرۆژەی یاسای چاکسازی بە خەباتی ڕاگەیاند ئەوە لە بەرنامە سەرەکییەکانی فراکسیۆنی پارتییە و سوورین لەسەر ئەوەی ئەو پرۆژەیە تێپەڕێت. ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی "لەبەر ئەوەی پرۆژەی یاسای چاکسازی لە خولی چواردا بووە ئێستا پرۆژەکە لە پەرلەمان نەماوە و گەڕێنراوەتەوە بۆ حکوومەت، بۆیە دەبێ حکوومەت جارێکی دیکە پرۆژەی یاساکە بۆ پەرلەمان بنێرێتەوە و لە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەم و دووەم و سێیەمی بۆ بکرێتەوە و دەنگی لەسەر بدرێت".

بەهەمەن کاکە عەبدوڵا ڕوونیشی کردەوە: هەوڵ دەدەین کۆدەنگی زۆری لەسەر کۆ بکەینەوە و بەدڵنیاییەوە ئیشی لەسەر دەکەین، چونکە پرۆژەکە بۆ باشترکردنی گوزەران و باشترکردنی ئابووریی حکوومەتیش پێویستە تێپەڕێنرێت.

یاسای بودجەی 2019ی عێراق لە ڕۆژنامەی وەقائیعی فەرمیی حکوومەتدا بڵاوکرایەوە

2019/2/11

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەران دەڵێ، هیچ ڕێگرییەکی یاسایی نەماوە و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیش بەهەموو توانایەکیان هاوکار و پشتیوانی مەسیحیەکان بوون و زۆربەی هەرەزۆری ئاوارە مەسیحیەکانی عێراق و سوریا و وڵاتانی ناوچەکەش لەکاتی لێقەوماندا پەنایان بۆ هێزی پێشمەرگە و ئارامی هەرێمی کوردستان هێناوە.

وەزارەتی داد دەریدەکات، یاسای بودجەی 2019ی عێراق بڵاوکرایەوە، بە بڵاوبوونەوەشی، یاسای بودجەی عێراق لە ساڵی 2019 دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە و پێویستە وەزارەتەکان ڕێنمایی دەربکەن بۆ جێبەجێکردنی یاساکە لە سەرجەم دامەزراوەکانی حکوومەتدا.

د. بەشیر حەداد، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، ڕۆژی بەهەمەن کاکە عەبدوڵا ڕێگرییەکی یاسایی نەماوە و وەزارەتی دارایی داوای لە هەموو پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان کردووە سەردانی وەزارەتی دارایی بکەن بۆ خەرجکردنی بودجە و مووچەی ساڵی 2019 هەروەها بۆ دابینکردنی پارەی جووتیارانی هەرێمی کوردستانیش هەوڵەکانی ئێمە بەردەوامن و پارەی ساڵانی ڕابردوو کە نەدراوە، هەمووی خەرج دەکرێت.



شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

گفتوگۆی لایەنە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خەریکە بە ئاڕاستەی خاڵی کۆتاییدا دەچێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی پارتی و یەکێتی ڕێککەوتن لەسەر کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لە 18ی ئەم مانگەدا. ئەگەرچی هەندێ ئاماژەش هەن کە لە ناو باڵەکانی یەکێتیدا ناکۆکی لەسەر یەکلاکردنەوەی کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەیە، وەک دەگوترێت ڕەنگە ئەو پۆستە بەر یەکێتی بکەوێت لە کاتی بەشداریکردنی لە حکوومەتدا!

ئەمەش دوای ئەوە دێت پێکهێنانی حکوومەت دواکەوت، دواکەوتنی حکوومەتیش لە بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا نییە و تەنیا ئەوانە نەبێت سوودمەندی کێشە و ئاڵۆزیی ناو حزبەکانن، کەوایە پێکهێنانی حکوومەت بە پلەی یەکەم سوودی بۆ هاوواڵاتیان بە گشتی هەیە، بەوپێیەی لایەنی جێبەجێکارە و سەروکاری لەگەڵ پرۆژە خزمەتگوزاری و بژێوی هاوواڵاتیان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەدایە، هەر حزبێکیش کێشە بۆ پێکهێنانی حکوومەت دروستبکات، پێش ئەوەی زیانی لە حزبی ڕکابەر بدات، بەپێچەوانەوە زیانی لە هاوواڵانی و خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگە داوە، چونکە حکوومەت خۆی دامەزراوەیەکە لە پێناو خەڵکدا دروست دەبێت، ئەگەرچی حزبەکان دروستی دەکەن، بەڵام دواجار ئەجێندا و کارنامەی حکوومەت بۆ هاوواڵاتیانە.

لە تەک پێکهێنانی حکوومەتیشدا، هاوکات کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیش پێویستە کە وەک دامەزراوەیەکی سیاسی و یاسایی جگە لەوەی تەعبیر لە دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکات، هاوکات تەعبیر لە زیاتر 40 میلۆن کوردیش دەکات، بەوپێیەی تاکە دامەزراوەی یاسایی و سیاسییە لەسەر ئاستی دونیا و بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کوردییان بەسەردا دابەشکراوە وەک کیانێکی سیاسی و یاسایی، ئەگەر بە ئەمری واقیعیش بێت، بەڵام لە دەستووری عێراقدا دانیپێدانداوە، لەکاتێکدا لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا ڕۆژ دوای ڕۆژ دۆسیەی کورد بە ئاڕاستەی مەترسیدارا دەچێت، بەهۆی ئەوەی نایانەوێت بە هیچ شێوەیەک دان بە مافی کورددا بنێن، تەنانەت لە هەندێ شوێنکاتدا کورد وەک تیرۆریست و هۆکاری کێشەکانیش ناو دەبەن! بە ئامانجی ناشیرینکردنی دۆسیەی کورد لە پێشچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و شەرعیەتدان بە ئازاردان و پێشێلکردنی مافی کورد لە هەر بەشەی کوردستاندا.

بۆیە دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم ئاماژەیەکە بۆ دەسەڵاتداریتیی کورد لە بەشێکی ناوچەکەدا، لە لایەنی دەروونیشەوە بۆ تاکی کورد پێویستە ئەویش دامەزراوەیەکی گرنگی هەبێت تەعبیر لە دەسەڵاتی کوردی بکات، ئینجا لای پارتییە یان هەر حزبێکی دیکە، ئەوەی گرنگە کوردیش ئەو ئاماژەیەی دەسەڵاتەی هەبێت کە دەوڵەتانی ناوچەکە نایانەوێت هیچ کیانێکی کوردی هەبێت! کەوایە ئەرکی ئەم خولەی پەرلەمانە بە هەر شێوەیەک بێت، هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی یان هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە ناو خەڵکدا، ئەو کێشەیە چارەسەر بکات وەک ئاماژەیەک بۆ یەکگرتوویی کورد و پاراستنی کیانی سیاسی خۆی لە ناوچەیەکدا کە هەموان تیر ئاڕاستەی جەستەی ماندووی دەکەن.



نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵۆنیا دیدارێک لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی مازۆڤیێسکی ئەنجام دەدا

ڕۆژی دووشەممەی 2019/2/11 نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵۆنیا چاوپێکەوتنێکی ئەنجام دا لەگەڵ بەڕێز ئادەم ستروژیک سەرۆکی هەرێمی مازۆڤیێسکی کە گەورەترین و گرینگترین هەرێمی پۆڵۆنیایە و پایتەختەکەشی وارشۆیە، هەمان پایتەختی وڵاتی پۆڵۆنیا و سەنتەرێکی بازرگانی و پیشەسازی بەهێزە. لەسەرەتا بەدرێژی باسی بارودۆخی عێراق و ناوچەکەو پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا کرا. نوێنەری حکومەتی هەرێم تیشکی خستە سەر ئاسایی بوونەوەی پەیوەندیەکان و هەوڵی هەردوولا بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان. هەروەها دووبارە بووژانەوەی بەرچاوی ئابووری هەرێم کە دەرفەت دروست دەکا بۆ هەماهەنگی لە بوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ و زانستی لەنێوان هەرێمی کوردستان و پۆڵۆنیا.

نوێنەری حکومەتی هەرێم و سەرۆکی هەرێمی مازۆڤیێسکی بەباشیان زانی، پاش دامەزرانی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان ئاڵوگۆڕی شاندی حکومی و کەرتی تایبەت و ژووری بازرگانی و نوێنەرانی زانکۆکان بکرێت بەمەبەستی پەرەپێدانی پەیوەندییەکان.

دیدارەکە لە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بەڕێوەچوو بە ئامادەبوونی بەڕێسی پەیوەندیەکانی هەرێمی مازۆڤیێسکی خاتوو ئەلیکساندرا هانزل کە ڕاسپێردرا لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێم بەدواچوون بکا بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان.



دایکێک و دوو منداڵی ئێزدی لەدەست داعش ڕزگارکران

K24: نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزدی لە دهۆک، ڕایگەیاند، دایکێک و دوو منداڵ لە دەستی ڕێکخراوی داعش، ڕزگارکران. حوسێن قائیدی، بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕزگارکردنی ئێزدییە ڕفێندراوەکان، دوێنێ سێشەممە 12ی شوبات/ فێبرایەری 2019 ڕایگەیاند، ئەو دایکە و دوو منداڵەکانی، چوار ساڵ پێش ئێستا لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لە گوندی حەردانی باکووری سنجار ڕفێندراون و لە ناو خاکی سووریا لە دەستی ڕێکخراوەکە ئازادکران.

قائیدی ناسنامەی ئەو دایکە و منداڵەکانی ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند، ناوی دایکەکە مەهدیە بەشار حەسەن تەمەن25 ساڵانە و هەردوو کچی بەناوەکانی (مینە مەروان و ماری مەروان)، ڕزگارکراون.

قائیدی ئەوەشی ئاشکرا کرد، ئەو دایکە و کچەکانی، بە هەوڵێکی زۆری نووسینگەکە لەناو خاکی سووریا ئازادکراون و بەمزووانەش لە هەرێمی کوردستانەوە پێشوازییان لێدەکرێت.

بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزدی دووپاتی کردەوە، پرۆسەی ئازادکردنی ئێزدییەکان بەردەوامە و کاری نووسینگەکەش بە پشتیوانی ڕاستەوخۆ لەلایەن نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەدەچێت.

ئەڵمانیا.. حەوتەمین ڕۆژی پرسەی میر تەحسین بەگ لە ماڵا ئێزیدی بەڕێوەچوو



ساسان دەرویش/ هۆڵەندا

لە ماڵا ئێزیدیان لە شاری کالکاری وڵاتی ئەڵمانیا حەوتەمین ڕۆژی پرسەی میر تەحسین بەگ لە سیمیناریکدا بەڕێوەچوو کە وەک کۆڕەوەی پەیڕەوانی دینی ئێزیدیان و لە خۆگرتنی کار و چالاکیەکانیان بە ئامادەبوونی بەشێکی کوردانی ئێزیدی شارەکە و کۆمەڵێک میوان و شاندێکی لێژنەی ناوچەی هۆڵەندا بەسەرپەرشتی عومەر زاوێتەیی و فەلاح ڕەشید بەرپرسی ڕێکخراوی ئارنهیم بەشداربوون، سەرەتا وێڕای بەخێرهێنانی هەموولایەک لەلایەن عوسمان گۆدین بەرپرسی ماڵا ئێزیدیان لە کالکار لە پەیڤێکی تێروتەسەلیشدا باسی لە وێستگەکانی ژیانی میرتەحسین بەگ کرد و پاشان عومەر زاوێتەیی بەرپرسی لێژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی دیموکراتی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا باسی لە ڕۆڵی میرتەحسین بەگ لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و شۆڕشی ئەیلوول کرد و هەروەها باسی لەوەش کرد کە میر تەحسین لە ماڵباتی بارزانی و باوکی کورد بارزانیی نەمر نزیک بوو و هەمیشە پاڵپشتی خۆی بۆ کوردبوون وەک نەتەوە و ئاین و وەک ئێزیدی دەربڕیوە. لە کۆتاییشدا هاتە سەر باسکردنی ئەوەی کە وەک بنەماڵەی خۆیان نزیکبوونێکیان هەیە لەگەڵ میر تەحسین و کوردانی ئێزیدی بەهۆی ناوچەکەیان. دواتریش لەلایەن چەندین کەسایەتی و میوانی ئامادەبوو چەندین وتار هاتە پێشکەش کردن کە باسیان لە یاد و بیرەوەری و ژیانی کەسایەتی میر تەحسین بەگ و ڕۆڵی گرنگی بۆ دۆزی کورد وئاینی ئێزیدیان کرد و کۆچی دوایی میر تەحسینیشیان بەخەسارەتێکی گەورە ناوبرد، لە کۆتاییشدا دوعاو نزایان بۆ کرد.



داعش لە ناوچەیەکی بچووک گەمارۆدراوە

ژنە فەرەنسییەکانی داعش ڕادەکەن و خۆیان ڕادەستی هەسەدە دەکەن

K24: دوو ژنی فەرەنسی، لە دواین ڕووبەری ژێر دەستی ڕێکخراوی داعش لە ناوچەی باغۆزی پارێزگای دێرەزووری سووریا ڕایانکرد و خۆیان ڕادەستی هەسەدە کرد. بە گوتەی ئەو ژنانە، ئەو چەکدارانەی لەناو داعشدا ماون، زۆربەیان عێراقین و دەسەڵات تەنها لە دەستی ئەواندایە و جگە لە عێراق و سووریەکان، ڕێیان بەکەس نەداوە، ناوچەی باغۆز جێبهێڵن رابکەن.

ئێستا داعش لە ناوچەیەکی بچووک گەمارۆدراوە، کە دواین پێگەی ڕێکخراوەکەیە و چەکدارانی داعشیش هاوواڵاتیانی سڤیل وەکو قەڵغانی مرۆیی بەکاردەهێنن.

بە گوێرەی بەرپرسێکی سەربازی هەسەدەش، داعش هێرشی پێچەوانەی خۆکوژیی دەستپێکردووە، بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆنەکەیان ڕابگرێت، بەڵام ئەوان بەردەوامن و هاوپەیمانی نێودەوڵەتییش لە ئاسمانەوە پشتیوانییان دەکات. ڕۆژی 9ی شوبات/ فێبرایەری 2019 هەسەدە لە ناوچەی باغۆزی دێرەزووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، دوا ئۆپەراسیۆنی لە دژی داعش دەسپێکردووە و باغۆزیش دواین ڕووبەرە کە لە ژێر دەستی چەکدارانی ڕێکخراوەکە مابێت.

ڕزگار حەمە محێدین:

کۆمسیۆن لەهەوڵی ئەوەدایە سکاڵا لەسەر ئەو لایەنانە تۆمار بکات کە تۆمەتی ئەنجامدانی ساختەکارییان ئاڕاستە کرد



لەوتوێژێکی ژیار محەمەد لەبەشی کوردی دەنگی ئەمریکا لەگەڵ ڕزگار حەمە محێدین جێگری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەڵێت: ئەوەندی ئاگادارم لیژنەی یاسایی و بەشی ڕاگەیاندن هەتا ئێستا لەهەوڵی ئەوەدان هەر کوتلەیەک و لایەنێکی سیاسی و کەسایەتیەک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ تەشهیری کردبێت یا بەڵگەی ناڕاست و نادروستی لەسەر کۆمسیۆن بڵاوکردبێتەوە کە کۆمسیۆنیان تۆمەتبار کردبێت بە ئەنجامدانی ساختەکاری لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق پێم وابێت ئەو دوو بەشە کاردەکەن بۆ ئەوەی ئەو لایەنانە دەست نیشان بکرێت و سکاڵایان لەسەر تۆماربکرێت تا ئێستاش لەو هەوڵە بەردەوامن.

ڕونیشیکردەوە: بەگشتی لایەنەکان ئەگەر لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی قسەیان کردبێت ئەوە نا، بەڵام بەڵگەی نادروستیان خستبێتە ڕوو بۆ تۆمەتبارکردنی جومگەیەکی کۆمسیۆن ئەوا هەمووی لای بەشی ڕاگەیاندن"ڕەسم" کراوە.

"لەوەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا کۆمسیۆن ئامادەیی تێدا هەیە ئەگەر لایەنەکان داوای دانیشتن و کۆبوونەوەیان لێکرد لەمافی خۆی خۆش بێت و سکاڵایان لەسەر تۆمار نەکات؟ جێگری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە و گوتی: من خۆم بڕوام بەدانیشتنی عەشایەری نیە، شتێکی زۆر کلاسیکی و کۆنە، ئەگەر لایەنێک تۆمەتبارت بکات لەڕووی پێگە و کەرامەتی مرۆڤایەتیەوە بەهۆی ئەو تەشهیرەوە لەکەدارت بکات من خۆم لەگەڵ ئەوەم کە یاسا باشترین ڕێگەیە بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشەیە و گەڕانەوەی ماف، بەڵام بەوشێوەیە نا کە لایەنە سیاسیەکان بەگشتی بێ ناوهێنان و لەکەدارکردنی کەس باسیان کردوە ئەوە لەهەموو هەڵبژاردنێک ڕووەدات، بەڵام ئەگەر ناو هاتبوو وە بەڵگەی ساختە خرابووە ڕوو کۆمسیۆن تۆمەتبارکرابوو ئەوکات سکاڵاکە لەسەر ئەو لایەن و کەسایەتی و کوتلە سیاسیانە تۆمارەدەکرێت.

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی لەبارەی ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمسیاران" د. سەعید کاکەیی" لەسەر ئەنجامدانی ساختەکاری لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لەلایەن کۆمسیۆنەوە کە لەدوای هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند، جێگری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە پێکەنینەوە گوتی: ئێستا کە ئەم قسانە دەکەم بۆ ئێوە لەگەڵ بەڕێز د. سەعید دانیشتوم، حەزدەکەن ئەو خۆشیەتی با قسەبکات کە ئەو هەم لەدانیشتنی تایبەت وە هەم لەناو ئەنجومەنی کۆمسیاران گوتی: من هیچ بەڵگەیەکم لەسەر هیچ ئەندامێکی کۆمسیاران لەسەر گەندەڵی دارایی یا ساختەکاری نیە.

دۆنالْد ترەمپ: گەلی ئێران شایستەی داهاتوویەکی گەشترن

جۆن بۆڵتن: ئێران بەردەوامە لە پشتیوانی سەرەکی تیرۆری نێودەوڵەتی



سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالْد ترەمپ سەبارەت بە حکوومەتی ئێران کە یادی 40 ساڵەی دەکاتەوە رایگەیاند، رژێمەکەی ئێران تەنها شکستێکی 40 ساڵی بەرهەمهێنا. گەلی ئێران شایستەی داهاتوویەکی گەشترن. لە بلاّوکراوەیەکیدا لە تۆڕی کۆمەلایەتی تویتەر، ترەمپ لێدوانی توندی بەرامبەر حکوومەتی ئێران دا.

سەرۆکی ئەمریکا لە بلاّوکراوەکەیدا باسی لە حکوومەتی ئێران کرد و رایگەیاند: 40 ساڵ گەندەڵی، گوشار و تیرۆر. رژێمەکەی ئێران تەنها شکستێکی 40 ساڵی بەرهەمهێنا. گەلی ئێران شایستەی داهاتوویەکی گەشترن.

راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی، جۆن بۆڵتن لە گرتە ڤیدیۆییەکدا کە لە هەژماری تویتەری کۆشکی سپیدا بڵاویکردەوە بەڕوونی هەڕەشەی لە حکوومەتی ئێران کرد. بۆڵتن ئاماژەی بەوە کرد کە ئێران تیرۆری گەلی خۆی و وڵاتانی ناوچەکەی کردووە و گوتی: ئێران بۆ چاوترساندنی خەڵکی لە هەموو شوێنێکی جیهان، هێشتا بەدوای بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی دایە. بۆڵتن لە گرتە ڤیدیۆییەکەدا کە نزیکەی خولەکێک دەبێت بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئێران لە سووریا، عێراق، یەمەن و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست "بەردەوامە لە پشتیوانی سەرەکی تیرۆری نێودەوڵەتی. جۆن بۆڵتن گوتیشی: ڕەنگە خراپترینی ئەوە بێت گەلی ئێران بەدەست کێشەی جددیەوە دەناڵێنێت، ڕێژەی بێکاری لە ئاستی پێوانەیی دایە، هەڵئاوسان لە بەرزترین ئاستی هەموو کاتەکاندایە و دراوی ئێرانی تەواو دابەزیوە. وانازانم لەمەودوا ساڵێکی زۆرتان مابێت بۆ یادکردنەوە. ناوبراو کە بە بۆچوونی دژبە ئێران ناسراوە لە پەیامەکانی پێشووتریدا بە شێوەیەکی ڕوون هەڕەشەی لە حکوومەتی ئێران کردبوو و ئاماژەی بەوە کردبوو کە هەموو بژاردەکان لەسەر مێزی گفتوگۆن.

قەیرانی دارایی لە تورکیا تا دێت تۆختر دەبێتەوە

بۆ یەک کیلۆ تەماتە پێویست دەکات دوو کاتژمێر سەرە بگریت



پاسنیوز: ماوەی مانگێک دەبێت نرخی سەوزە و میوە لە تورکیا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، نرخی یەک کیلۆ تەماتە لە 3 لیرەوە بۆ 9 لیرە بەرز بووەتەوە، حکوومەتیش بۆ ڕێگرتن لەو گرانیە، لە بازاڕی ئازاد بە نرخێکی هەرزانتر میوە و سەوزە بە خەڵک دەفرۆشێ، بەم هۆیەوە پێویستە دوو کاتژمێر سەرە بگرێت تا میوەی هەرزانت دەست دەکەوێ. لە چەند شوێنێکی شارەکانی تورکیا، بازاڕی تایبەت بۆ فرۆشتنی سەوزە و میوە دانراوە، ئەگەر کەسێک بیەوێت سەوزە و میوە بکڕێت، پێویستە دوو کاتژمێر نۆرە بگرێت تا بتوانێت کیلۆیەک تەماتە و میوە بباتەوە بۆ ماڵ و منداڵی، ئەمەش وەکو چارەسەرێکی کاتی لە لایەن حکوومەتەوە ڕاگەیەندراوە.

قەیرانی دارایی تورکیا تا دێت تۆختر دەبێتەوە، جگە لە کەلوپەل، نرخی هەموو خواردن و خواردەمەنییەکیش گران بووە، بەڵام ئەمجارە نرخی سەوزە و میوە هاوڵاتی هەراسان کردووە و ناتوانن پێداویستییەکانی ماڵەوە دابین بکەن.

بە بڕیاری ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا، هەموو سەوزە و میوەیەک بەر لەوەی دەستی دوو و سێ بکات، ڕاستەوخۆ لە بازاڕی ئازادی تایبەت بە حکوومەت بفرۆشرێتەوە هاوڵاتیان. هەر کەسێک بیەوێت لەو بازاڕە میوە و سەوزە بکڕێت، دەبێت2 کاتژمێر نۆرە بگرێت، بەڵام کاتێک لەو شوێنانە سەوزە و میوە دەکڕیت، نرخەکەی زۆر هەرزانترە لە نرخی بازاڕی ئاسایی. ئەحمەد هاکان ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی (حوریەت)ی تورکی، وەکو ناڕەزایەتییەک بەرامبەر بەو ڕێگەچارەیەی حکوومەت، نمونەی تورکیای سااڵنی حەفتا دەهێنێتەوە و لەگەڵ ئێستەدا بەراوردی دەکات.

هاکان نووسیویەتی: لە ساڵی 1970دا ئەگەر پارەشت هەبوایە بۆ کڕینی بەنزین و ڕۆن و میوە، شتەکانت دەست نەدەکەوت، بۆیە ناچاربووی نۆرەی بۆ بگریت، واتە پارەشت هەبوایە، هەر دەبوایە نۆرە بگریت، بەڵام ئێستە پارەت هەیێت، نۆرە ناگریت و بە ئاسانی دەچیت لە بازاڕی ئاسایی بە هەر نرخێک بێت میوە و سەوزە دەکڕیت. جگە لە هاکان، چەندین نووسەری تر ناڕەزایییان بەرامبەر بەو بڕیارە دەربڕیوە، چونکە ئەگەر چارەسەرەکە کاتییش بێت، بەڵام نۆرە گرتنەکە زۆر ماندووت دەکات.

میدیاکانی تورکیا گرنگییەکی زۆریان بەو بابەتە داوە و چەندین ڕاپۆرتیان لەبارەیەوە کردووە. ئەو میدیایانەی لە حکوومەتەوە نزیکن دەستخۆشی لە بڕیارەکە دەکەن و دەڵێن چارەسەرێکی باشە، بەڵام میدیای ئۆپۆزسیۆن بە گاڵتەجاڕی ناوی دەبات و دەڵێن تورکیا گەیشتووەتە ئەو دۆخەی کە بۆ کیلۆیەک تەماتە 2 کاتژمێر نۆرە بگریت. ئەگەر حکوومەت نەتوانێت لە ماوەیەکی کەمدا قەیرانی گرانی سەوزە و میوە چارەسەر بکات، نرخەکەی زۆر لە ئێستە گرانتر دەبێت و هاوڵاتیان زیاتر زیانیان پێدەگات، چونکە نۆرە گرتنی 2 کاتژمێری بۆ کڕینی سەوزە و میوە تا ماوەیەک هاوڵاتیان قبوڵی دەکەن و دریژە بکێشێت ڕەنگە خۆپیشاندانی بەدوادا بێت. گرانی میوە و سەوزە لە تورکیا لە کاتێکدایە، کە تورکیا لە 2019/3/31 دەچێتە ناو هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، بۆیە ئەم گرانییە کاریگەری لەسەر پێگەی جەماوەری ئاکپارتی دەبێت.



کوێت 85 ملیۆن دۆلار بە عێراق دەبەخشێت

سندوقی کوێت بۆ گەشەپێدانی ئابووری عەرەبی ڕێککەوتنێکی لەگەڵ سندوقی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زیان لێکەوتووەکانی کردە تیرۆریستییەکان لە عێراق واژووکرد. بەپێی ڕێککەوتنەکە کوێت،85 ملیۆن دۆلار بۆ بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە بە هۆی هێرش و کردە تیرۆریستییەکانەوە زیانیان بەرکەوتووە، بە عێراق دەبەخشێت. سندوقی کوێت بۆ گەشەپێدانی ئابووری عەرەبی کە سەربە حکوومەتی کوێتە لە ڕاگەیەندراوێکدا وردەکاری زیاتری لەبارەی گرێبەستەکە خستووەتەڕوو و ئاماژەی بەوەداوە، گرێبەستەکە قۆناغی دووەم و تەواوکردنی کۆی گشتی ئەو 100 ملیۆن دۆلارەیە کە پێشتر کوێت لە کۆنگرەی وڵاتانی کۆمەکبەخش ڕایگەیاندبوو بۆ پڕۆسەی دووبارە بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کۆنترۆڵکراوەکان بە عێراق دەبەخشێت.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: پێشتر کوێت لە مانگی کانوونی دووەمی 2018 وەک قۆناغی یەکەم، 15 ملیۆن دۆلاری بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوە و گەشەپێدانی لە عێراق ڕاگەیاندبوو، کە ئەمەش بە ئاسانی دەتوانێت ببێتە هۆی هاندانی وڵاتانی تر بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی مشتومڕی پرسەکانی ئاسایش و ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەردانی پۆڵۆنیا بکات، سەرۆکوەزیرانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست "بەردەوامە لە پشتیوانی سەرەکی تیرۆری نێودەوڵەتی. جۆن بۆڵتن گوتیشی: ڕەنگە خراپترینی ئەوە بێت گەلی ئێران بەدەست کێشەی جددیەوە دەناڵێنێت، ڕێژەی بێکاری لە ئاستی پێوانەیی دایە، هەڵئاوسان لە بەرزترین ئاستی هەموو کاتەکاندایە و دراوی ئێرانی تەواو دابەزیوە. وانازانم لەمەودوا ساڵێکی زۆرتان مابێت بۆ یادکردنەوە. ناوبراو کە بە بۆچوونی دژبە ئێران ناسراوە لە پەیامەکانی پێشووتریدا بە شێوەیەکی ڕوون هەڕەشەی لە حکوومەتی ئێران کردبوو و ئاماژەی بەوە کردبوو کە هەموو بژاردەکان لەسەر مێزی گفتوگۆن.



تورکیا فەرمانی دەستگیرکرنی 1112 کەس دەردەکات بەهۆی پەیوەندییان بە فەتحوللاّ گولەنەوە

لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکان لە تاقیکردنەوەی گواستنەوەکان بۆ یاریدەدەرێتیی مفەوەز لە ساڵی 2010دا لە لایەن ڕێکخراوەکەی فەتحوللاّ گولەنەوە، بڕیاری دەستگیرکردن بۆ هەزار و 112 کەس لە 76 شاری تورکیا دەرکرا. لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی ئەنقەرە لەبارەی تاقیکردنەوەی گواستنەوەکان بۆ یاریدەدەرێتیی مفەوەز لە ساڵی 2010دا لە لایەن پرسیارەکان دزیان پێکراوە و گەیەندراوەتە دەست ئەندامانی فەتۆ. سەرەتا لەوبارەوە لە تەواوی شارەکاندا پلان بۆ ئۆپەراسیۆنێکی هاوکات دانرا و زانیاری بە بەڕێوەبەرایەتییەکان درا. ئەم ڕێوشوێنەش لە دوای هەوڵی کودەتاکەوە یەکێکە لە گەورەترین ئەرکەکانی تورکیا دژی ئەو کەسانەی کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت پشتیوانی لە گوڵەن بکەن. لەلای خۆشییەوە فەتحوللاّ گولەن چەند جارێک ڕەتی کردۆتەوە دەستی هەبووبێت لە هەوڵی کودەتاکەدا. جێی باسە لە دوای هەوڵی کودەتاکەوە تا ئێستا نزیکەی 77 هەزار کەس زیندانی کراون و چاوەڕێی دادگاییەکانیان دەکەن و هێشتا هەڵمەتی دەستگیرکردنەکان بەردەوامن. هەروەها بەرپرسانی تورکیا بڕیاریاندا نزیکەی150 هەزار کارمەند و سەرباز لە کارەکانیان دووربخەنەوە.

پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوە، لەگەڵ چاکردنی کەرتی کارەبا و دابینکردنی پێداویستی پزیشکی بۆ32 نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی لە ناوچە کۆنترۆڵکراوەکان بە عێراق بەخشیوە. هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، پێشتر کوێت سێ قەرزی بە 98 ملیۆن دۆلار بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی کەرتی وزە، پیشەسازی و فێرکردن داوە بە عێراق، ئەمە جگە لەوەی بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان لە کەرتی کۆمەڵایەتی، کوێت 286 میلۆن دۆلاری بە عێراق بەخشیوە.

ناتانیاهۆ لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی بەحرێن و مەغریبدا کۆدەبێتەوە



دوای ئەوەی بەنیازە بەمەبەستی بەشداریکردن لەکۆنفرانسی مشتومڕی پرسەکانی ئاسایش و ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەردانی پۆڵۆنیا بکات، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهۆ ڕایگەیاند لە وارشۆی پایتەخت لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بەحرێن شێخ خالید بن ئەحمەد عەلی خەلیفەو وەزیری دەرەوەی مەغریب ناسر بوریتا کۆدەبێتەوە.ناتانیاهۆ کە هاوشانی سەرۆکایەتی وەزیران، وەزیری دەرەوەی کابینەکەشی بەڕێوەدەبات، بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆنفرانسی "پشتگیری کردن لە داهاتووی ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست "لە 13 تا 14ی شوباتدا، ئێواری دوێنێ بەرەو وارشۆ بەڕێکەوت. بەپێی هەواڵێکی دەزگای حکوومی میدیایی ئیسرائیل ناتانیاهۆ لەوارشۆ بەجیا لەگەڵ یاریدەدەری سەرۆکی ئەمریکا مایک پێنس و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا مایک پۆمپیۆ کۆدەبێتەوە. هەر لە هەواڵەکەدا بەجیا ئاماژە بەوە کراوە لە چوارچێوەی زنجیرە دیدارو چاوپێککەوتنەکانی ناتانیاهۆدا لە وارشۆ، بڕیارە چاوی بکەوێت بە وەزیری دەرەوەی بەحرەین شێخ خالید بن ئەحمەد عەلی خەلیفەو وەزیری دەرەوەی مەغریب ناسر بوریتا. تائێستا لایەنی پەیوەندیداری ئەو وڵاتانە هیچ لێدوانێکی فەرمیان نەداوە لەبارەی ئەگەری کۆبوونەوەکان. لە کۆنفرانسەکەدا هەریەک لە پرسەکانی تیرۆریزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تۆندوتیژی، بڵاو بوونەوەو بەرەوپێشبردنی موشەک، ئاسایش و بازرگانی دەربایی، هەڕەشەی هێزە چەکدارەکان سەر بە هەندێک وڵاتو چەند پرسێکی تر تاوتوێ دەکرێن.

عێراق.. کەسێک بەفێڵ خۆی دەرفێنێت

وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند کە هاوڵاتییەکی دانیشتووی بەغدا بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ڕفێندراوە و لە بەرامبەر ئازادکردنی وەک فیدییە، داوای 100 هەزار دۆلاری لە باوکی کردووە. گوتەبێژی وەزارەتی ناوخۆ باسی لەوەشکرد کە دوای لێکۆڵینەوەی ورد و چڕ لەگەڵ کەسەکە، دەرکەوت کە بە هیچ شێوەیەک ڕووبەڕووی ڕفاندن نەبووەتەوە، بەڵکو ئەو لەگەڵ ژمارەیەک هاوڕێی ڕێککەوتووە بۆ ئەوەی بیرفێنن و کەسوکارەکەش لە ڕفاندنەکە ئاگادار بکەنەوە. لیوا سەعد مەعن گوتیشی: کەسەکە هەوڵیدابوو لەو ڕێگەیەوە لە بەرامبەر ئازادکردنی وەک فیدییە، 100 هەزار دۆلار لە باوکی وەربگرێت. ناوبراو ئەوەشی خستەڕوو کە نهێنییەکان و بینینی دیمەنەکان لە کامێرەکانی چاودێرییەوە، هێزە ئەمنییەکان کەسەکەیان دۆزیتەوە. گوتەبێژی وەزارەتی ناوخۆ باسی لەوەشکرد کە دوای لێکۆڵینەوەی ورد و چڕ لەگەڵ کەسەکە، دەرکەوت کە بە هیچ شێوەیەک ڕووبەڕووی ڕفاندن نەبووەتەوە، بەڵکو ئەو لەگەڵ ژمارەیەک هاوڕێی ڕێککەوتووە بۆ ئەوەی بیرفێنن و کەسوکارەکەش لە ڕفاندنەکە ئاگادار بکەنەوە. لیوا سەعد مەعن گوتیشی: کەسەکە هەوڵیدابوو لەو ڕێگەیەوە لە بەرامبەر ئازادکردنی وەک فیدییە، 100 هەزار دۆلار لە باوکی وەربگرێت. ناوبراو ئەوەشی خستەڕوو کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ڕەوانەی دادوەر کراوە بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر ئەو کەسە بگیرێتەبەر.

هاوکات شارەزا لە کاروباری یاسایی و ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی عێراق، تارق حەرب ڕایگەیاندووە، ئەو جۆرە ڕفاندنە کە ئەو کەسە بانگەشەی بۆ کردووە لە چوارچێوەی ماددەی 456 لە یاسای سزاکانی عێراق بە فێڵبازی هەژمار دەکرێت. تارق حەرب گوتوشیەتی: سزای ئەو جۆرە ڕفاندنە وەک ئەوەی ئەو کەسە ئەنجامیداوە، زیندانیکردنە بۆ ماوەی پێنج ساڵ.

سووریا.. گۆڕینەوەی دەستبەسەرکراوان لە نێوان ڕژێم و ئۆپۆزسیۆن

ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد و ئۆپۆزسیۆنی سەربازیی لە سووریا لە چوارچێوەی قۆناغی ئاستانادا، یەکی 20 دەستبەسەرکراویان لە یەک کاتدا ئازاد کرد. بەر لە لووتکەی سۆچی کە 14ی شوبات لە نێوان ڕووسیا، ئێران و تورکیا سازەکرێت، ڕژێم و ئۆپۆزسیۆن بەهاودێری و گەرەنتی ڕووسیا و تورکیا لە باشووری شارۆچکەی ئەلباب، ناوچەی ئەبو زیندینی بەرەی پێشەوە، یەکی 20 کەسیان لە دەستبەسەرکراوان ڕزگارکرد.



شێخ جمیل عوسمان بەرزنجی

با هەموومان هاوکاری حکومەتی (نوێ)ین و حکومەتیش هاوکاری ئێمە بێت

بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چوار ساڵی ئایندە بەر پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەوێت و کابینەی نوێمەی حکومەت لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان پێکدەهێنرێ وە بۆ ئەو مەبەستە رێزدار مسرور بارزانی کاندیدکراوە بێگومان پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەرێوەبردنی حکومەت خاوەن بەرنامە و پلانی تایبەتە و خەڵکی کوردستانیش چاوەڕوانی ئەوە دەکەن سەرۆکی نوێی حکومەت لەگەڵ دەستبەکاربوونی مژدەی خزمەتگوزاری و چاکسازی زیاتریان پێ بدات بۆئەوەی حکومەت بتوانێت سەرکەوتووانە پرۆژەکانی جێبەجێ بکات پێویستی بە هاوکاری هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستانە. فەرمانبەرانی حکومەت لە هەر پلە و پۆستێکدا بن ئەرکی سەرشانیانە بە خزمەتکردنی هاوڵێتیان وێنەیەکی جوانی حکومەت نیشانبدەن بە نەهێشتنی ڕێتین و بنبڕکردنی واسیتە و خزم خزمێنە وە ئەو گلەیی و گازندانەی هاوڵێتیان هەیانە دەرەوێتەوە و چی دی هاوڵێتیان زیاتر حکومەت بە حکومەتی خۆیان دەزانن و باشتر دەیپارێزن. ساڵی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت لە سنوری پارێزگای سلێمانی چەند ڕووداوێکی نەخوازراو ڕوياندا بەوهۆیەوە گرژی و ئاڵۆزیەکی سیاسی ڕوی لە هەرێمی کوردستان کرد و زیانی بە پرۆسەی سیاسی و ئابوری هەرێم گەیاند. پێویستە لەسالێنی داهاتوودا هەموو لایەک سود لە هەڵەکانی ڕابردوو وەربگرین و هەموو ئەو لایەنانەی داواکاریان هەیە بەشێوەی ئاشتییانە و بەڕێگەی مەدەنییانە پێشکەشی بکەن و چیتر پەنا نەبڕێتە بەر هێرشکردنە سەر بارەگای حزبی و حکومی ، ئەزموونی ساڵی ڕابردوو بۆ هەموو لایەکی دەرخست کە بەکارهێنانی ڕێگای تووندوتیژی بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکان خزمەت بە هیچ لایەک ناکات ، تەنها دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ هەندێک هێز و لایەن کە هێرشی نارەوا بکەنە سەر حکومەت و حزبەکانی دەسەڵێت ، بەوجۆرەش بە دەستی خۆمان وێنەیەکی ناشیرینی ئەزموونەکەمان نیشانی دونیا دەدەین و سەرەنجام هەموومان لێی زەردەمەند دەبین. خەڵکی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی ئەوە لە کابینەی نوێەمی حکومەت دەکەن کەسانی دڵسۆز و پرۆفیشناڵ لەشوێن و پۆستەکاندا دابنێت و بەهیمەت و دڵسۆزییان سنوردێک بۆ دیاردەکانی گەندەڵی و ڕۆتین دابنێت ، بۆ ئەو مەبەستە پێویستە کار بە سیستەمی پاداشت و سزا بکرێت و حکومەت بە شەفافانە لێکۆڵینەوە لەگەڵچ هەموو بەرپرسێکی کەمتەرخەمدا بکات و ڕێگا نەدات کەمتەرخەمییەکانی بەرپرسێک ببێتە هۆی شێواندنی وێنەی ڕاستەقینەی حکومەت لەپێش چاوی هاوڵێتیاندا.

یەکێک لەو ئەرکانەی ڕووبەڕوی کابینەی نوێەمی حکومەت دەبێتەوە بابەتی دامەزراندن و دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجان و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان.

زۆر گرنگە کابینەی نوێەمی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بیر لە ڕێگەچارەی نوێ بکاتەوە و هەوڵبدات بەکردنەوەی کارگەی جۆراوجۆر و هاوکاریکردنی زیاتری کەرتی تایبەت تا هانی گەنجان و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بدات ڕوو لە کەرتی تایبەت بکەن چونکە دامەزراندن لە دام و دەزگاکانی حکومەتدا بەتەنها چارەسەر نییە و دەبێتە هۆی دروستکردنی بێکاری و داپۆشراو.

ئەرکی سەرشانی دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنە پرۆفیشنالێنە کاری خۆیان بکەن و بێلایەنانە چالاکییەکانی حکومەت هەڵسەنگێنن ، پێویستە بە کارە باشەکان بڵێن باش و کەم و کورتییەکانیش دەربخەن بۆئەوەی حکومەت چارەسەریان بکات.

سیاسەتا نێڤ دەولەتی و پرسێن نەتەوەیان پاش نەمانا جەنگا سارد

نەوزاد بارزانی

پاس نەمانا جەنگێ سار و دیماهیک هاتن ب دەستهەلات و هێزا تاک جەمسەری، گوهرینەک بنەرەتی بسەر پەیوەندی و سیاسەتا نێڤ دەولەتیدا پەیدا بوو ، ئەوژی ب ئەگەرێ پەیدابوونا کومەکا پرسێن نوی وەکو پارچە بوونا ئێکەتیا سوڤیەت یا بەرێ و سەرخوبونا هن ولاتان و هن ئاریشەیان ل دەڤەرێن جودا جودا یێن جیهانێ کو د گرێدای بوون ب پرسا ماف و بوونا نەتەوەیان، نەمازە ئەو نەتەوەیێن بێ دەولەت و بوونا جیاوازیا ئولی و ئاینی و کەلتوری د هن دەڤەرێن دیتر دا.

پرسگرێکێن هان بوون ئەگەرێ پەیدابوونا فشارەک راستەوخول سەر شێوازێ پەیوەندی و سیاسەتا نێڤ دەولەتی دناڤبەرا ولاتێن جیهانێ دا ب گشتی، بوون ب پیڤەرێن دانانا نەخشێ نوی ل سیاسەتا نێڤ دەولەتی و دارشتنا سیاسەت و پلانێن نوێ، ئەڤێ چەندێ ژی پرسێن هەستیار ئێخستنە بەردەم کاربدەست و شیرەتڤان و خودانێن بریارێ ل سەرانسەرێ جیهانێ و ئەرکێ وانا مەزنتر و گرانتر کر، نەخاسمە ئەو کەفتنە هەمبەر بەرپرسیارەتیەک یاسایی و ئەخلاقی هەمبەر گەلێن جیهانێ بگشتی، کو لدویڤ بنەمایێن نوی یێن نێڤ دەولەتی و ئەو واقعێ پەیدابووی، دڤێ قوناغا نویدا، نەتەوە و کێم نەتەوەیان و ماف و ڕەوشا وانا بێتە بەرچاڤ کرن، ژبەر کو ئیدی ئەوژی دبن پشکەک ل یاریکەرێن سیاسەتێ چ ل سەر ئاستێ نەتەوەیی و چ ل سەر ئاستێ جیهانی بێ بەرامبەر ب ئەگەرێ شەڕێ ئەتۆمی بێ ئەگەر بێ ئەنجام بوو.

ئەقلیمی و هەتا دگەهیتە ئاستێ نێڤ دولەتی، ئەگەر یاریکەرێن سەرەکی ژی نەبن لێ دکارن خودان کاریگریا خوە بن، ژبەر کو رازی کرنا وانا دبت ئێک ژ پێدڤیێن پاراستنا بەرژەوەندیێن ولاتێن دیتر ل دەڤەرێن جودا جودا یێن جیهانێ.

گومان د وێ چەندێدا نینە کو دارشتنا سیاسەتەکە نوی یا دوور نابیت ل بەرچاڤ گرتنا بەرژەوەندییێن تایبەت یێن ستراتیجی و ئابوری و بالادەستیێ بۆ وان ولاتەکێ زلهێز یان ئەوێن دکارن د ڕەوشا نوی دا بن خودان پێگەهـ و بڕیار، لێ ئەو معادلا نوی پەیدابووی دڤێ ئەگەر ب ناچاری ژی بوویا دڤێت سەردەدریێ دگەل وان بنەمایێن نوی بکەن و بەرژەوەندییێن خوە دگەل بگونجینن، ئەڤێ چەندێ ژی سەنگ و پێگەهەک نوی پەیداکر بۆ وان ولاتێن بچوک و بێ دەستهەلات ل سەر ئاستێ نێڤ دەولەتی و هەروەها ئەو نەتەوەیێن بێ دەولەت کو ئەو ژی لدویڤ قەبارا خۆ بن خودان دەستهەلاتەک ئەگەر یا بچوک ژی بیت، لێ دکارن مفایێ لێ وەربگرن پێخەمەت گەهاندنا دەنگێ خوەو ناساندنا پرسا خۆ یا نەتەوەیی ب جیهانێ، بۆ ئایندە ژی دکارن بن خودان سیاسەتەک جودا و گرێدای ب ڕەوشا نەتەوەیی ڤە و وان ژی بەرژەوەندییێن خوە یێن جودا هەبن.

نەتەوا کورد ئێکە ل نەتەوەیێن هەرە مەزن ل دەڤەرا ڕوژهەلاتا ناڤین ب تایبەت و جیهانێ ب گشتی، کو خودان تەڤایا بنەمایێن بوونا نەتەوەیی و دەولەت بوونێ یە ، نزیکی سەدەیەکێ یە دقادا خەبات و بەرخودانێ دایە ، ولاتێ وان هاتیە داگیرکرن و بزاڤێن بوژاندنا ناسناما وانا یا نەتەوەیی ل سەر دەستێ دوژمنان بەردەوام بویونە.

بوهارا سالا 1991 ژڤانێ وەرچەرخانەک دیروکی بوو ژبوی نەتەوا کورد، نەمازە ل ئایارا سالا 1992 هەرێما کوردستانێ بووە ئەمرێ واقع و پێگەهەک بو کوردان ل سەر ئاستێ دەڤەرێ و جیهانێ، نمونەیەک هەرە دیار و بەرچاڤ بو پرسا نەتەوەییێن بێ دەولەت و خودان ماف کو ئیدی نابیت بهێت پشتگوهخستن و دڤێ د نەخشێ سیاسەتا نوی یا نێڤ دەولەتی دا پێگەها وێ بێت بەرچاڤ کرن، دگەل هندێ ژی دەرفەتەک دیرۆکی و زێڕینەبوو نەتەوەیەکی وەکو نەتەوا کورد بکارن پرسا خۆ بگەهینن ئاستێن بلندتر و ئەڤێ ڕەوشا نوی یا نێڤ دەولەتی بۆ بەرژەوەندیا خۆ بکاربینن و هن پێنگاڤان بەرەڤ پێش بهاڤێژن.

دڤێ ئالیدا ئەرکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ و سەرکردایەتیا سیاسی یا هەرێما کوردستانێ ئەرکەک مەزن و گران بوویە ، کو دڤێ هن خالان لبەرچاڤ بگرن ژبوی بکارن دگەل ڤێ قوناغێ و ئەو دەرفەتا بو هاتی پێش خوە بگونجینن، وەکو، بنەمایێن ڤێ سیاسەتا نوی و فاکتەرێن هێزێ تێدا، ڕولێ ولاتێن زل هێز و بەرژەوەندییێن وان، ڕەوشا ولاتێن دەڤەرێ هەمبەر ب پرسا کوردی نەخاسمە ولاتێن داگیرکەر بۆ ئاخا کوردستانێ، ڕەوشا ناڤخۆیا کوردستانێ ل ئالیێ فرە نەتەوەیی و ئول ئاینی و دیدا سیاسی ڤە ، هێزا هەرێما کوردستانێ و فاکتەرێن ئەرینی ل ئالیێ ئاسایشا نەتەوەیی و ئابوری و پێگەهشتنا هوشیاریا نەتەوەیی دناڤ جڤاکی دا کو هێزو و پشتەڤانێ سەرەکی یە بۆ سیاسەتا حکومەتێ و پالپشتیا وێ د بریاردانێدا.

ئەڤە پێخەمەت کورد بکارن ب پشت گرێدان ب بنەمایێن نوی خۆ بگەهینن هن دەستکەفتان نەمازە جڤاکێ نێڤ دەولەتی دڤێ قوناغێدا تا ڕادەیەک هەڤکارە دگەل پرسێن نەتەوەیان، دەرفەتەکە ڕەنگە جارەک دن ب ساناهی پەیدا نەبیت و بۆ سەدەیەکێ دیتر کورد بێ مال و حال بمینن.

لەوما دڤێ هەموو هێز و شیان بێن مەزاختن، ئێک ڕیزی و تەبایی پەیدا ببیت، ئێک بریار و ئێک هەلوێست ل مەڕ پرسێن نەتەوەیی زال ببیت، پێخەمەت کورد بکارن ئەڤێ ئەزمونێ بپارێزن و بەرەڤ ئایندەکێ گەشتر هنگاڤ بنێن.



لەبەرچی ئێران هەڕەشە لە ئیسرائیل دەکات؟

حامد ئەلمەمود

نازانم چی وای لە جەنەڕاڵ حوسێن سەلامی، جێگری سەرکردەی گشتیی هێزی پاسداران کرد، بۆ ئەوەی هەڕەشەی (کاولکردنی ئیسرائیل و سڕینەوەی بە تەواوی بکات، لە هەر جەنگێکی تازە، کە بەرپای بکات). لەوکاتەی ئیسرائیل، چەند ئامانجێکی ئێران و هی دیکەی حزبوڵلا، لە چەند شوێنێکی جیاجیا لە سووریا بۆردومان دەکات، کە دواترینیان، کۆگای زەخیرە بوو لە نزیک فڕۆکەخانەی دیمەشقدا. کاتێک ئەو جەنەڕاڵە ئێرانییە دەڵێت:"ئەگەر ئیسرائیل شتێک بکات، ببێتە مایەی بەرپابوونی جەنگێکی تازە، خاکە داگیرکراوەکان ڕزگار دەکرێن و ئیسرائیلیش لە جوگرافیا دەسڕنەوە".

دەکرێت وتەکانی بە جۆرێک لە وردێنەی سیاسیی دابنرێت، کە لە ئاکامی بێ توانایی، یان لاوازیی ئێران بەرامبەر بۆردومانەکانی ئیسرائیل، بۆ پێگەکانی ئێران لە سووریا دێت. زێدەباری ئەوەی وردێنەکردنە، گوزارشت لە گۆشەگیری ئێرانیش لەسەر گۆڕەپانی سووریا دەکات. ئەوە لەکاتێکدایە ، کە ئێران ڕۆڵی سەرەکیی لە سەرکەوتنی ئەسەددا هەبوو ، چونکە ئێران پێش ڕووسیا و بەهەماهەنگی لەگەڵ حزبوڵلا، پشتیوانی دارایی و سەربازیی بۆ ڕژێمەکەی ئەسەد دابینکرد. بەڵام لە ساڵانی کۆتاییدا، هەژموونی ڕووسیا ، لە ئاراستەکردنی سەوڵی ڕژێمەکەی سووریا و ، بڕی کاریگەریی بەسەر ئایندەی سووریا ، بە سەر هەژموونی ئێراندا کەوتووە.

سەمەریی پەیوەندیی نێوان ڕووسیا و ئێران، وا دەردەکەوێت، ئەو دوو وڵاتە بۆ پاراستنی ڕژێمەکەی سووریا بوونەتە هاوپەیمان، کەچی لە پەیوەندییان بە ئیسرائیلەوە، جیاوازن. لەو کاتەی ئێران نیازی جوولەکە نین. یەک ملیۆن ئیسرائیلی بە ڕەچەڵەک ڕووسی، هاوبەندی کولتووری و ئابووری نێوان ئیسرائیل و ڕووسیا پێکدێنن. هەرچەندە ڕووسیا و ئێران، بەرژەوەندی ئابووری هاوبەشیان هەیە ، کەچی لەو جۆر و قەبارەیەیە ، کە ڕووسیا دەتوانێت بە ماوەیەکی ناوەند دەستبەردارییان بێت، لە بەرامبەر گرێبەست و بەرژەوەندی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی کەنداودا. بێجگە لەوەی هاوپەیمانی ڕووسی تورکی، خەریکە بایەخی لە هاوپەیمانی ڕووسی ئێرانی زیاتر دەبێت. ئەگەرچی ئەو هاوپەیمانەتییە، لە ساڵانی یەکەمی شۆڕشی سووریا ، پێشبینی نەکراو بوو، کەچی کۆتاییەکەشی هەر پێشبینی نەکراوە ، بایەخی زیاتری دەستەردان، یان هەژموونی کاولکردنی ئیسرائیل دەردەخات، دەبینین نەتانیاهۆ ئەوەندەی سەردانی مۆسکۆ دەکات و چاوی بە پۆتین دەکەوێت، ئەوەندە سەردانی ئەمریکا ناکات. بەڵکو پۆتین زیاتر لە جارێک ڕایگەیاندووە ، یەکێ لە ئامانجەکانی بوونی ڕووسیا لە ناوچەکە ، پاراستنی ئیسرائیلە. دەبێت ئەوەش بە بیر خۆمان بهێنینەوە ، نزیکەی یەک لەسەر شەشی دانیشتوانی ئیسرائیل، جوولەکەی ڕووسیین. بەڵکو بەشێکی زۆریشیان هەر تورکیا لە دوو ساڵی دوایی، ئەوەی سەپاند، نزیکبوونەوە لە نێوان تورکیا و ڕووسیادا هەبێت. سەبارەت بە ڕووسیا ، هاوپەیمانیکردن لەگەڵ تورکیا ، بایەخی لە هاوپەیمانیکردن لەگەڵ ئێران زیاترە، کە لە جیهان دابڕاوە، تورکیا ئەندامی هاوپەیمانی ئەتڵەسی (ناتۆ)یە و ، ڕاستەوخۆش دەکەوێتە باشووری ڕووسیاوە. بۆیە دەکرێت تورکیا ببێتە دەروازەی ڕووسیا ، بۆ جیهانی خۆرئاوا و ئەوروپا . لە میانی ڕێکەوتنەکان لەگەڵ ڕووسیا ، سوپای تورکیا سەربەخۆیی لە جوولەکردن لەو توخوبە وەرگرت، کە چەندین ناوچە لە باکووری سووریا دەگرێتەوە. بەمەش تورکیا ، بەتەنیا نەبووە ڕکابەری ڕژێمی ئێران، لەبارەی دیاریکردنی ئایندەی سووریا ، بەڵکو لەوانەیە بە گوێرەی جوگرافیا و تواناکانیشی، بەسەریدا سەرکەوێت. ئەوە زێدەباری کاری مەزهەبی، کە وا دەکات هەژموونی تورکیا لە سووریا ، لە هەژموونی ئێران قبوڵکراوتر بێت.

لە سایەی کێشمەکێشی نێودەوڵەتیی، بۆ کۆنترۆڵکردن، یان کاریگەریی بەسەر بڕیارەکانی پەیوەست بە ئایندەی سووریا ، سووریەکان لەنێو نەهەماتی ئەو جەنگەدا دەژین، کە خۆیان دروستیان نەکردووە. دوایین شتیش ئەوەبوو، کە سووریەکان وەکو گاڵتەیەکی ڕەش، لەنێوان خۆیان ئاڵوگۆڕیان کرد، ئەوەیش ئەوەیە، بەدەستهێنانی بوتڵێک غاز، لە بەدەستهێنانی کچێک بۆ هاوسەرگیریی قورسترە! هەروەها چاودێری تەندروستیی دارماوە، هەرچەندە جەنگیش وەستاوە، لەبەرئەوەی نیوەی نەخۆشخانەکان، بەهۆی جەنگەوە لەکار کەوتوون. سەبارەت بە گەڕانەوەی پەنابەرانیش، شتێکی ناکۆکی لەسەرە. سەرچاوەکانی بێلایەن پێیان وایە ، گەڕانەوەیان لەبار نییە. ڕۆژنامەی (ئیمارات ئەلیەوم) لە ڕێکەوتی **18** تشرینی دووەمی پارەکە ، لێدوانێکی ڕێپێدراوی باڵای پەنابەران، فیلیپۆ فراندی، باڵاو کردەوە کە وتی، هێشتا زووە گفتوگۆ لەسەر گەڕانەوەی پەرنابەران بکرێت، چونکە ڕەوشی وڵات هێشتا جێگیر نییە. نەیارێکی سووری کە لە تاراوگە دەژی پێی وتم، ژمارەی ئەو پەنابەرانەی لە لوبنانەوە گەڕاونەتەوە سووریا ، لە بیست هەزار کەس ڕەت نادات، هەندێکیشیان دووبارە گەڕاونەتەوە لوبنان.

ڕژێمی سووریا کێشەی لە کەمی هێزی مرۆییدا هەیە ، بۆیە ناچاربوو لە دایکبوانی ساڵی **1976** بانگی خزمەتی سەربازیی بکات. ئەو ڕژێمە دوای حەوت ساڵ لە جەنگەکان، هێزی مرۆیی تەواوی نییە ، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی شار و گوندەکان بکات، کە دەستی بەسەردا گرتوونەتەوە. هەروەها ئێران و حزبوڵلاش، لە جەنگی حەوت ساڵە و زەبرەکانی ئیسرائیل، هێزی پێویستیان نەماوە. بۆیە لە جیاتی ئەوەی ئێران بیرۆکە و وردێنە لەبارەی پلانەکانی بۆ کاولکردنی ئیسرائیل بخاتەڕوو، باشتر وایە خۆی لەگەڵ ڕەوشی (سەرکەوتنی ناکام) ڕابێنێت، چونکە زۆربەی عەرەبەکان لە ئاکامەکانی جەنگ ڕازی نین، هەروەها تورکیا ، ئەوروپا و ئەمریکاش. دەبێت بەوەش ڕازی بێت، لە دیاریکردنی ئایندەی سووریا ، ڕۆڵێکی لاوەکیی هەبێت، نەوەکو بەتەنیا بۆ ڕۆڵی ڕووسیا ، بەڵکو بۆ ڕۆڵی تورکیاش.

و: ڕەمزی میرەکانی



بارزانیی نەمر لە چەند دیدار و دیمانەیەکدا

دیمانەی رۆژنامەنووسی یۆنانی س. کومریانوس، لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی - 1967/11/25



2

ئامادەکردن وەرگێڕان/ شێرکۆ حەبیب

راگەیاندنەکانی جیهانی و عەرەبی هەر لەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلوولی مەزن، بایەخیان پێداوە، و هەوڵی دیدار و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ رابەر و سەرکردەی ئەو شۆڕشە کردووە، کە ئەویش جەنابی مەلا مستەفای بارزانیی نەمرە. لە ماوەی گەرانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران بۆ عێراق، و دواتر سەرکردایەتی کردنی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان، بارزانیی نەمر مەبەست بووە لە لایەن راگەیاندکار و رۆژنامە نووسانی عەرەب و بیانی کە دیمانەی لەگەڵ ساز بکرێت. لەسەر جەم ئەو دیمانانەی بەدەستەت ئێمە کەوتوون، هەوڵدەدین کە وەریانگێڕینەسەر زووبانی کوردی و بلاوی بکەینەوە. جگە لە رۆژنامەنووسە عەرەبەکان کە بابەتەکانیان وەردە گێڕین بۆ کوردی، چەندین رۆژنامەنووسی بیانیش دیمانەیان لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی ئەنجام داوە، وەک دانا ئادمز شمیدت، لۆڤا، پریاگۆڤ، سەرەڕای بلاوکردنەوەی هەواڵەکانی شۆڕش لە زۆربەی راگەیاندنەکانی بیانی واتە ئەورووپی و ئەمریکی. لێرەدا دیمانەیەکی دیکە دەخەینە بەر دیدی خوێندەوارانی ئازیز، تا راستیەکان دەرکەوێت کە بارزانیی نەمر تەنیا هەوڵی گەیشتنی میللەتەکەی بوو بە ئاوات و ئامانجەکانی.

دیمانەی رۆژنامەنووسی یۆنانی س. کومریانوس، لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی 1967/11/25

مەلامستەفا بارزانی:"داوای ئەوەمان کردووە کەوا کورد خۆیان حوکمی خۆیان بکات لە باکوور".

وتوێژی تایبەت لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی رابەری کوردەکان لە بارەگای تایبەتی خۆی لە سلێمانی (1) لەگەڵ رۆژنامەنووسی یۆنانی (س. کومریانوس)، کە تایبەت بوو بە رۆژنامەی حەیات.

کومریانوس دەڵێ:"پرسیارم لە سەرکردە بارزانی کرد، سەبارەت بە بەردەوامی ئاشتی لەنێوان کورد و هێزەکانی عێراق، لە وەڵامدا گوتی کە هیواداره، بەڵکو لەو باوەڕدایە سەرۆک عەبدولڕەحمان عارف چارەسەری کێشەکان دەکات، و ئاماژەی بەوە کرد کە کورد زۆر جار بەڵێنیان لە حکومەتەکانی پێش تری عێراق پێداوە، بەڵام هیچ ئاکامی نەبووە، بەڵام ئێستا باوەری بە بەڵێنی سەرۆک عارف و سەرۆک وەزیران تایەر یحیا هەیە.

هەروەها گوتی: "ئێمە خۆمان رێک دەخەین بۆ ئەوەی ئامادە بین، بەڵام باوەڕمان بەهێزە بەو گفتوگۆیەی ئێستا لە ئارادایە، کە چاوەڕوانین چارەسەرەی کێشەکان بکات و ئێمە داواکاری زۆرمان نییە، ئێمە داوای کارگە، قوتابخانە، نەخۆشخانە، رێگاوبان، پرۆژەی کشتوکاڵی، و هەمان ئەو مافانەی کەعەرەب هەیەتی".

پرسیارم لێکرد ئایا داوای جیابوونەوە دەکات؟

بە نەخێر وەڵامی دایەوە و گوتی: "داوای جیابوونەوەمان لە عێراق نەکردووە، بەڵکو داوای ئەوەمان کردووە کەوا کورد خۆیان حوکمی خۆیان بکەن لە باکوور، و چەند پۆستێکی وزارمان هەبێت لە حکومەتی ناوەند"، ئاماژەی بەوە کرد کەوا کورد لە تورکیا دووجاری جیاوازیەکی زوون بوونەتەوە لەلایەن تورکەکان.

چەک لە هەموو شوێنکە

رابەری کورد بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی من سەبارەت بە سەرچاوەی چەک گوتی: "ئێمە چەک دەکڕین لەهەر شوێنێک، ئێمە چەکی ئەمریکی و جیکۆسلۆڤاکی و بەلجیکی مان هەیە، و هیچ لایەنێک نییە کەوا چەک و پێداویستیەکانمان پێ ببەخشێ"

کومریانوس دەڵێ: "لێردا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کەوا کوردەکان بێگومان یارمەتی دەدرێن لە لایەن هەندێ وڵاتی ئیشتیراکی، هەروەها لەم دوایەدا دەستیان بەسەر کۆمەڵێک چەکی و پێداویستی داگرت لەسەر سنوورەکانی عێراق و تورکیا و ئێران"

ئەوەی جێگای سەر سوورمانە لەو ناوچە دژوارە، تۆزی تەلەفۆن و بروسکە بەشێوەیەکی زۆر باش کار دەکات، بەتایبەتی هێلەکانی نێوان یەکە سەربازیەکان لەهەرکات و دۆخێکدا بێت.

ئێمە نیازی هێرشکردنمان نییە، بەڵام پێمان باشە لە ئامادە باشی دابین

پرسیام لێکرد"بۆ چی سوپاکەی ئامادە و بەهێز دەکات؟ گوتی:"عێراقییەکان چواردەورەیان داوین، بەڵام نەگەیشتوونە لامان چونکە سروشت لەگەڵ ماندایە، ئێمە نیازی هێرشکردنمان نییە، بەڵام پێمان باشە لە ئامادە باشی دابین، کە بتوانین بەرگری لە خۆمان بکەین دژی هەر ئەگەرێک ئەگەر گفتوگۆکان شکەستیان هێنا، بەڵام من باوەرم بەهێزە لەسەر کەوتنی گفتوگۆکان".

کومریانوس دەڵێ:" جیابوونەوە لەنێوان خودی کوردەکان هەیە، زۆرێک لە ئەفسەرەکان لەگەڵ پلانەکەی نین و دەڵێن موتەتەریف و سیمای شیوعیەتی پێوەیە، هەروەک پێیان گوتم، ئەوان نایەناوێت پێکدادان بەردەوام بێت، بەڵام مەلا مستەفا دەیەوێت حاڵەتی ئامادە باشی بەردەوام بێت، ئەمەش هاوکار نییە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان.

سەرکردەی کورد پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ جیهانی دەرەوە هەیە، هەواڵ و زانیاری و رۆژنامە و گۆڤاری پێدەکات، نووسینگەی لە زۆرێک لە پایتەختەکانی جیهان هەیە، و شاند دەنێرێتە دەرەوە بۆ ئاگادارکردنی جیهانی دەرەوە لە کێشەی کورد.

کومریانوس باسی لە گەشتەکەی بۆ سلێمانی دەکات کە دیداری لەگەڵ سەرکردەی کورد ئەنجام داوە و دەڵێت: "هەر ئەو کاتەی گەیشتمە بەغدا پێشوازی گەرمم لێکرا کە میوانی وەزارەتی رێنمای نەتەوی (الارشاد القومی) بووم، هەڵێکی گونجاوم بۆ ڕەخسا بۆ سەردانی باکووری عێراق و دیدار لەگەڵ کوردەکان بەرەدەم پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم و چگە لە ڕاگەیاندنی هەڵبژاردنێکی گشتی لە کوردستان نین، گرفتی گەورەی خۆی و مێژووی کۆنی یەکێتی دەکات، ئیتر هەر رۆژە و بیانووێک دەگرێ و بیانووگرتن پەکی لە بیانوو ناکەوێ.

لە راستیدا ئەوانە هیچیان گرفتە قورس و گەورەکەی بەردەم پێکهێنانی کابینەی نوێمی حکومەتی هەرێمی کوردستان نین، گرفتی گەورەی ناو یەکێتی بە رووی یەکدا دەتەقنەوە و کورد گوتەنی هەر بالە (ئۆخەی.. ئۆخەی.. هەرکەس بۆخۆی) و هەربالە و دەیەوێ کاندیدی خۆی بسەپێنێ، ئەو خواستی سەپاندنەی ناو بالەکانی یەکێتییە دەبێتە گرفتی بەردەم پێکهێنانی کابینەی حکومەت.

گرفتێکی تری بەردەم پێکهێنای کابینەی نوێی حکومەت ئەوەیە کە یەکێتی دەیەوێ لە کەرکوک بە حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبیان دۆڕاندووە، ئەگەر کەمێکیشی بێ لە پەنای پێکهێنانی حکومەتی هەرێم و بە پشتیوانی پارتی لە بەغدای وەربگرنەوە و کورد گوتەنی هەر بالە (ئۆخەی.. ئۆخەی.. هەرکەس بۆخۆی) و هەربالە و دەیەوێ کاندیدی خۆی بسەپێنێ، ئەو خواستی سەپاندنەی ناو بالەکانی یەکێتییە دەبێتە گرفتی بەردەم پێکهێنانی کابینەی حکومەت.

گرفتێکی تری بەردەم پێکهێنای کابینەی نوێی حکومەت ئەوەیە کە یەکێتی دەیەوێ لە کەرکوک بە حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبیان دۆڕاندووە، ئەگەر کەمێکیشی بێ لە پەنای

گرفتە شاراوەکەی بەردەم پێکهێنانی کابینەی نوێم



سوورە مەرگەیی

گرفتێکی شاراوە لەبەردەم پێکهێنانی کابینەی نوێم هەیە و جگە لە یەکێتی هیچ کەس و لایەنێک تا ئێستا دەرکیان بەو گرفتە نەکردووە، جا بۆ ئەوەی ئەو گرفتە بە شاراوەیی نەمێنێتەوە یەکێتی لە پێکهێنانی کابینەی نوێم هەر رۆژە و بیانوویەک دەدۆزێتەوە، وەک ئەوەی کە دەڵێن: لە کابینەکانی رابردووی حکومەتی هەرێم یەکێتی پاشکۆ و پەراوێز خراو بووبێ.

رۆژێک شەراکەتی راستەقینە دەکات بە بیانوو، جار جارەش بە (21) کورسی بەرامبەر بە (45) کورسی باس لە نیوە بە نیوەکەی رابردوو دەکات، رۆژێکیش وەرگرتنەوەی پۆستی پارێزگاری کەرکوک تێکەڵ بە پرسی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم دەکات، وەک هەرەشەکیش بۆ دوو ئیدارەیی ناوە ناوە باس لە بوونی هێز و ناوچەی جوگرافی ژێر دەسەڵاتی کابینەکانی رابردووا ئیستحقاقی هەڵبژادنیان بە زیادەوە وەرگرتووە، جا تا لەناو خۆیاندا رێکدەکەون و کێشکی پۆستەکانی ناو خۆیان دابەش دەکەن، ئەو بیانوو گرتن و شەڕ فرۆشتنەیان بە پرۆسەی دیموکراتی بەردەوام دەبێ و ئەگەر پێویست بکات وەک ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر کردیان، شەڕی ناو بالەکانی خۆیان دەگوازنەوە ناو پرۆسەی سیاسی و ئەو شەڕە بە ئامانجە نەتەوەییەکان و ئیرادە و داهاتووی کورد دەفرۆشن.

1. رۆژنامە نووسەکە هەڵەی کردووە، بارەگای بارزانیی نەمر لە سلێمانی نەبوو.

2. رۆژنامەنووسەکە لە بڕی پێشمەرگە، سەربازی بەکار هێناوە ئەوەش بۆ نەشارەزایی ئەو رۆژنامەنووسە دەگەڕێتەوە.

بەرپرسێ لقێ 1 پێشوازیا ل نوینەرێن 400 دوکانێت پیشەسازی سمێلێ کر



نوینەرێن 400 دوکانێت پیشەسازیا سێمێلێ سەرا بارەگایێ لقێ ئێک دا و ژلایێ سەربەست ترانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک قە هاتنە پێشوازیکرن ، دڤێ رێنشتنێدا سەربەست تروانشی گوهداریا گلە و گازندێن وان بو ل هەمبەر کارێ وان یێ روژانە و ئەو ئاستەنگێن روژانە دکەڤنە دپێشیا وان دا ، بەرپرسێ لقێ ئاماژە ب وێ ئێکێ دا کو ل دیڤ ریزنماییێن یاسایی دێ هەمی ریکارا ئێخینە کار ژبو چارەسەرکرنا گرفتێن هەوە و دێ هاریکار و پشتەڤان بین ، نوینەرێن دوکاندارێن پیشەسازیا سێمێلێ سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژبۆ ڤێ پشتەڤانییێ کۆ هەردەم دگەل تەخا هەژار و کێم دەرامەت خوە ل خواست و داخازییێن وان کرییە خودان.

وەزیری پەروەردە: دروستکردنی قوتابخانە ئەرکێکی نیشتمانی و ئینسانی و ئایینییە



خێرخوازانەوە دروست کراون، دروستکردنی قوتابخانەی گومانا کە لە لایەن خێرخواز عەبدولڕەحمان ڕەمەزانەوە دروست کراوە، لە لایەن خێرخواز عەبدولڕەحمان ڕەمەزان کە قوتابخانەیەکی لە ناحیەی دینارتەی قەزای ئاکرێ دروست کردووە، لە لایەن دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشوازی لێ کرا.

قوتابخانەی "گومانا"ی بنەڕەتی لە ناحیەی دینارتەی سەر بە قەزای ئاکرێ، یەکێکە لەو قوتابخانانەی کە لە لایەن خێرخوازانەوە دروست کراوە و ئەم هەڵمەتەش بەشێکە لە هەڵمەتی دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان کە دوو ساڵێک بەر لە ئێستا دەستی پێ کرد و زیاتر لە 2000 قوتابخانە نۆژەنکرانەوە و دەیان قوتابخانەش لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە وەک هەنگاوێکی نیشتمانی و ئینسانی و ئایینی سەیر کراوە. هەر لەم چوارچێوەیەیشدا دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری پەروەردە باسی ڕەوشی ئێستای پەروەردە و فێرکردنی لە هەرێمی کوردستان کرد و دەستخۆشی لەم جۆرە کارە خێرخوازانەیە کرد کەوا بۆ خزمەتکردنی منداڵانی هەرێمی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی گرنگ و حەیاتین. خێرخواز عەبدولڕەحمان ڕەمەزان جگە لە دروستکردنی قوتابخانەکە، دابینکردنی جلوبەرگی ساڵانەی قوتابیان و هاوکاری وانەبێژانیشی گرتووەتە ئەستۆی خۆی لەو قوتابخانەیە و ئامادەیی خۆشی نیشان دا کە بەشداری پلانی دیکەی پەروەردەیی بکات بۆ خزمەتکردنی کەرتی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان.

شایەنی باسە قوتابخانەی (گومانا)ی بنەڕەتی لە 9 پۆل پێک هاتووەتە و کەوتووەتە ناحیەی دینارەتەی قەزای ئاکرێ.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی لە بەرژەوەندیی خاوەن تەکسییەکان دەرکردووە



دوای بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخستنەوەی کاری ئۆتۆمبێلی تەکسی، ژمارەیەکی بەرچاوی شۆفێرانی تەکسی نیگەرانیی خۆیان دەربڕی لەوەی بە هۆی بڕیاری حکوومەتەوە زەرەرمەند دەبن، بەڕێوەبەری هاتوچۆی هەولێریش دەڵێ، بڕیارێک لە بەرژەوەندیی خاوەنی تەکسییەکان دەرکراوە.

لیوا هێرش ئەحمەد، بەڕێوەبەری هاتوچۆی پارێزگای هەولێر، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: مەبەستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرکردنی هەندێ بڕیار بۆ ڕێکخستنەوەی کاری تەکسی، بۆ بەرژەوەندیی گشتی بووە نەک زیانگەیاندن بە هیچ کەسێک، بەڵام ئاستەنگی بەردەم بڕیاری ڕێکخستنەوەی کاری تەکسی لە هەرێمی کوردستان، زۆریی ژمارەی ئۆتۆمبێلی تەکسییە.

بەڕێوەبەری هاتوچۆی پارێزگای هەولێر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: حکوومەت نایەوێ هیچ کەسێک زەرەرمەند بێت، لەبەر ئەوەش بڕیار دراوە هەر خاوەن تەکسییەک مەرجەکانی حکوومەت نەگرێتەوە و ئیدی کاری تەکسی نەکات، ئەوە دەتوانێت ئۆتۆمبێلەکەی لە تەکسییەوە بگۆڕێت بۆ ئۆتۆمبێلی تایبەت و هەموو کارئاسانییەکیشی پێشکەش دەکرێت. تەنیا لە سنووری پارێزگای هەولێر زیاتر لە 500هەزار ئۆتۆمبێل تۆمار کراون و وەک بەڕێوەبەری هاتوچۆ ڕوونی کردەوە، بەشێکی ئەو ئۆتۆمبێلانە تابلۆی هەولێریان هەیە و لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقن، لیوا هێرش ئەحمەد گوتیشی: ئەو هاوواڵتیانەی ئۆتۆمبێلی تەکسی دەگۆڕن بۆ تایبەت، بەپێی بڕیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو باج و ڕسوماتێک دەبەخشرێن و تابلۆی ئۆتۆمبێلەکەیشیان دەکرێت بە تایبەت.

گۆڕانکاری لە تاقیکردنەوەی قوتابیان دەکرێت



بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر ئاشکرای دەکات، کە گۆڕانکاری لە شێوەی تاقیکردنەوەی قوتابیان، بە تایبەتی لە قۆناغی ئامادەییدا دەکرێت.

دلێر عەبدوڵا، بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر بە کوردستان 24ی ڕاگەیاند: "قۆناخی بنەڕەتی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، بەڵام لە تاقیکردنەوەکانی قۆناخی ئامادەییدا، کۆمەڵێک گۆڕانکاری کراون، لە گرووپی پرسیاری پۆلی 12 لەناو هۆڵی تاقیکردنەوەکان، کە ساڵانی پێشتر چوار گرووپ بوو، بۆ ئەمساڵ 26 گرووپی پرسیار دەبێت، واتە لە A تا ." Z

گوتیشی: "سەبارەت بە پێنج تۆمەتبار دەستگیر کران، دەستیشیان بەسەر سێ چەکی جۆری کلاشنیکۆف و سێ مەغزەن و 90 فیشەکدا گرت. ئەوەش خراوەتە ڕوو، کە بە فەرمانی دادوەر و بەپێی مادەی 431 لە یاسای سزادانی عێراقی ئەو تۆمەتبارانە ڕاگیراون و پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوەتەوە.

هەر ڕۆژی سێشەمە پۆلیسی سلێمانی بڵاوی کردووەتەوە، ئاماژە بەوە دراوە: لە ئەنجامی دەمەبۆڵەی نێوان دوو بنەماڵە لە گوندێکی سنووری شارۆچکەی دەربەندیخان شەڕ و ئاژاوە دروست بوو و دوای ئاگادارکردنەوە، هێزەکانی پۆلیسی هەوارەبەرزە گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و دیکە بەپێی مادەی 11ی زیادەڕۆیی بۆ سەر مۆلکی دەوڵەت دەستگیر کراون.

- دوو تۆمەتبار بەپێی مادەی 377 ناپاکی خێزانی دەستگیر کراون.

- تۆمەتبارێکی دیکە بەپێی مادەی 428 دەستگیر کراوە، کە پێشێلی شوێنی نیشتەجێبوونی کردووە.

- تۆمەتبارێکی دیکەش کە منداڵێکی شێلاوە و هەڵاتووە، ئێستا بەپێی مادەی 24ی هاتوچۆ ڕاگیراوە. پۆلیسی سلێمانی ڕوونیش کردووەتەوە، کە بەسەر دوو تانکەری گازدا گیراوە، کە بەدەر لە ڕێنماییەکانی لێژنەکانی قایمقامیەت گازەکەیان فرۆشتووە. لە ڕاگەیاندراوێکی دیکەدا کە تێیدا باس لەوە کراوە، کە لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا هێزەکانی بنکەی پۆلیسی ڕاپەڕین 11تۆمەتباریان دەستگیر کرد، کە بەم شێوەیەیە:

- چوار تۆمەتبار بەپێی مادەکانی 453و 456 دەستگیر کران، کە فێڵیان لە هاوواڵتییان کردووە و پارەی هاوواڵتییانیان بە فێڵ بردووە. - سێ تۆمەتباری تێدا بووە کە هەوڵیان داوە ئامێری هەڵەی ئەلیکترۆنی بۆ ڕێگریکردن لە دۆزینەوەی شوێنی ئۆتۆمبێلەکانیان بەکار بهێنن. - تۆمەتبارێکی دیکە بەپێی مادەی 59ی یاسای ئاسایشی ناوخۆ دەستگیر کراوە.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی دەسگیرکردنی 16 تۆمەتبار ڕاگەیاند



بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی لە دوو ڕاگەیاندراوی فەرمی و جیاوازدا ئاشکرای کرد، 16 تۆمەتبار لە سنووری سلێمانی دەستگیر کراون.

سێشەمە 2019/2/12 بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی ڕاگەیاندراوێکی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاو کردەوە، تێیدا باس لەوە کراوە، کە لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا هێزەکانی بنکەی پۆلیسی ڕاپەڕین 11تۆمەتباریان دەستگیر کرد، کە بەم شێوەیەیە:

- چوار تۆمەتبار بەپێی مادەکانی 453و 456 دەستگیر کران، کە فێڵیان لە هاوواڵتییان کردووە و پارەی هاوواڵتییانیان بە فێڵ بردووە. - سێ تۆمەتباری دیکە بەپێی مادەی 377 ناپاکی خێزانی دەستگیر کراون.

- تۆمەتبارێکی دیکە بەپێی مادەی 428 دەستگیر کراوە، کە پێشێلی شوێنی نیشتەجێبوونی کردووە.

- تۆمەتبارێکی دیکەش کە منداڵێکی شێلاوە و هەڵاتووە، ئێستا بەپێی مادەی 24ی هاتوچۆ ڕاگیراوە. پۆلیسی سلێمانی ڕوونیش کردووەتەوە، کە بەسەر دوو تانکەری گازدا گیراوە، کە بەدەر لە ڕێنماییەکانی لێژنەکانی قایمقامیەت گازەکەیان فرۆشتووە. لە ڕاگەیاندراوێکی دیکەدا کە لە چوارچێوەی چاکسازی و ڕیفۆرمەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە سێکتەرە جیاکانی خوێندن، ساڵی ڕابردو یەکەم ڕاوندی مامۆستایان، کە ژمارەیان 33 مامۆستا بوو ڕەوانەی وڵاتی فنلاند کران و بۆ ماوەی 10 هەفتە بەشداریان لە خولی پێداگۆجی ڕێگەکانی وانەوتنەوەکرد و، بەسەرکەوتوی خولەکەیان تەواوکرد، ئێستا وەزارەتەکەمان ڕاوندی دووەمی مامۆستایان لە چوارچێوەی هەمان بەرنامە ڕەوانەی وڵاتی فنلاند دەکات.

بۆ ئەو مەبەستە ئینستیوتی پەروەردەیی ئەکادیمی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سەرۆک زانکۆکانی کوردستان ڕادەسپێرێ ئامادەکاری بکەن بۆ کاندیدکردنی نوێنەری پێنج تۆمەتبار دەستگیر کران، دەستیشیان بەسەر سێ چەکی جۆری کلاشنیکۆف و سێ مەغزەن و 90 فیشەکدا گرت. ئەوەش خراوەتە ڕوو، کە بە فەرمانی دادوەر و بەپێی مادەی 431 لە یاسای سزادانی عێراقی ئەو تۆمەتبارانە ڕاگیراون و پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوەتەوە.

- هەڵگری بڕوانامەی ماستەر زانکۆکەیان بۆ ڕاوندی دووەمی هەمان پڕۆگرام ڕێگەکانی وانەوتنەوە، چونکە لە ئێستادا وەزارەتەکەمان لەگەڵ زانکۆی HAMKلە وڵاتی فنلاند لە قۆناخەکانی کۆتایی ئامادەکارییەکانی دەستپێکردنی ڕاوندی دووەمی پێداگۆجییە.

لە ڕاوندی دووەمدا 25مامۆستا لە بوارەکانی کۆمەڵەی پزیشکی، کۆمپیوتەر و تەکنەلۆجیای زانیاری، ئەندازیاری، زانستە مرۆییەکان، زانستە سروشتی و تەبیعییەکان دەنێردرێن بۆ ئەو وڵاتە بەمەبەستی تەواوکردنی کۆرسەکانی پێداگۆجی.

بۆ ئەم مەبەستە ئینستیوتی پەروەردەیی ئەکادیمی مەرجەکانی پێشکەشکردن بۆ ڕاوندی دووەمی پێداگۆجی ڕادەگەیەنێت کە بریتێن لە:

-?ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی لانی کەم 5ی ئایلتس یان هاوتاکەی بێت یاخود بڕوانامەی ئینستەرمیدیەتی لەسێنتەرەکانی زمان بە سەرکەوتوی بەدەستهێنابێت کە بەسەرپەرشتی ڕێکخراوی ئیمیدیست بەڕێوەدەچێ.

-میلاگی یەکێک لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بێت.

دواین کات بۆ پێشکەشکردنی ناوەکان لەلایەن زانکۆکان بۆ وەزارەتەکەمان تا ڕێکەوتی 3/3/ 2019دەبێت.

لەو چوارچێوەیەداو دوای ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەهاریکاری پارتنەرە نێودەوڵەتییەکان گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شێوازی پێداگۆجی ڕێگەکانی وانەوتنەوە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان کردو، دەستەیەکی نوێی بۆ سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی فێرکردنی بەردەوام بەزانست و زانیاری سەردەمیانە پێگەیاند، جارێکی دیکە و بەسیستمێکی نوێ کۆرسەکانی پێداگۆجی دەست پێ دەکاتەوە. لە ئێستاشدا خوازیارانی بەدەستهێنانی نازناوی زانستی ئاگادار دەکەینەوە، کە لە هەفتەی داهاتوودا ناوی کۆتایی کۆرسەکان ڕادەگەیەنرێت.

ئینستیوتی پەرەپێدانی ئەکادیمی دەستپێکردنەوەی خولەکانی پێداگۆجی و ڕاوەندی دووەمی خولی پێداگۆجی ڕادەگەیەنرێت

لەرووداوێکی ئۆتۆمبێلدا لە سلێمانی هەرکەسێ منداڵ و هاوسەری زانیار سەردار قرگەیی بریندار بووون، چەند ڕۆژێک لەنەخۆشخانە مانەوە ،بەناوی سەرنووسەرو کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە هیوای سەلامەتیان بۆ دەخوازین و هەرچی زووترە تەندروستیان باش بێت.

خەبات

لە سلێمانی بە زەبری چەک زەوی شارەوانی داگیر دەکرێت

ژمارەیەک ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ڕایدەگەیەنن "لە سنووری شارەوانی سلێمانی هەندێک کەس بە زەبری چەک زەوییەکانی شارەوانی داگیر دەکەن و دەیفرۆشنەوە". ڕێبوار ئەحمەد، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: "داوا لە داواکاری گشتی و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان و هێزە ئەمنییەکانی سلێمانی دەکەین، بێنە سەرخەت، ناکرێ چەند هاوواڵتییەک بە چەکەوە بوەستن و زەوییەکانی شارەوانی داگیر بکەن و بیفرۆشن، بێ ئەوەی کەس لێیان بپرسێتەوە". گوتیشی: "زیاتر لە 500 پارچە زەوی لە ناوچەی کانی شینکە لە نزیک شوقەکانی مامۆستایان لە سلێمانی بەمشێوەیە فرۆشراون، هەروەها لە چەند شوێنێکی دیکەی سلێمانی بە هەمانشێوەیە زەوی شارەوانی دەفرۆشرێت".

وەزیری پەروەردە پێشوازی لە ڕێکخراوی IOG لە هەرێمی کوردستان کرد



دکتۆر پشتیوان سادق وەریری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە سیلڤان دوبوا جێگری سەرۆک بۆ کاروباری عێراق و حوکمڕانی نێودەوڵەتی و مستەر ستیف لە ڕێکخراوی IOG سەردانی وەزارەتی پەروەردەیان کرد.

لە دانیشتنەکەدا کە قسە لەبارەی کۆمەڵێک لایەنی پەروەردەیی کرا، پاشان سەبارەت بە دابەزاندن لە سەرەوە بۆ خوارەوە لە سیکتەرەکانی پەروەردە و تەندروستی و شارەوانی و پەیوەکردنی سیستەمی لامەرکەزی ئەو سیکتەرانە بە تایبەتی و بە گشتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان گفتوگۆی لێوە کرا، هەروەها باس لە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە کرا بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە کە چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوان و بەڕێوەبەرانی گشتیی پەروەردەی پارێزگاکان لەم بارەوە ئەنجام دراوە.

شایەنی باسە ئەوانیش ئامادەیی خۆیان نیشان دا کە وەک ئەزموون لە چەند قوتابخانەی شاری هەولێر و پارێزگاکانی تر ئەنجامی بدەن و بۆ ئەم مەبەستەش وەزیری پەروەردە پاڵپشتی خۆی بۆ پڕۆسەکە دەربڕی کە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاسپێردراوبوون.

بەرپرسی لقی 24ی سەفین: ئەو دەستکەوتانەی بەدەستهاتوون بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی پێشمەرگەیە



سێیشەمە ڕێکەوتی 2019/2/12 لە بارەگای لقی24ی سەفینی پارتی هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی 24ی سەفین پێشوازی لە محەمەد عەلی حاجی ڕسول خۆشناو، پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلول و گوڵان کرد.

لەدانیشتنەکەدا بەرپرسی لق ڕۆڵی پێشمەرگەکانی ئەیلول و گوڵانی لە دروستبوونی حکومەتی هەرێم بەرز نرخاند و دووپاتی لەوە کردەوە کە بەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتانەی بەدەست هاتوو ڕەنج خەبات و قوربانیدانی محەمەد عەلی خۆشناو هەزاران پێشمەرگەی قارەمانی وەک ئەوە کە هەمیشە جێگای ڕێزی ئێمەن و شانازیان پێوەدەکەین. لە لایەن خۆشیەوە محەمەد عەلی خۆشناو سوپاسی ئەو میواندارییەی کرد و گوتی: ئێمەی پێشمەرگەی شۆڕشەکانی ئەیلول و گوڵان، کاتێک بەرهەمی شەونخونی و ماندووبوونەکانمان دەبینین هەست بە ماندووبوون ناکەین و دڵخۆشین بەم نازادییەی لە باشووری کوردستان هاتۆتەدی. جێی ئاماژەیە محەمەد عەلی خۆشناو لە ساڵی 1961 و لە تەمەنی 14ساڵیدا بۆتە پێشمەرگەی ڕێبازی بارزانی و لە شۆڕشی گوڵان بۆتە بەرپرسی ڕێکخراوی شەهید مەحمود کاوانی و لە دوای ڕاپەڕینی 1991ئامێر هێز لە لەشکری کاوانیان بووە.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

خانەوادەی خوالێخۆشبوو هەقاڵ بیلال عەزیز شێخۆ

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و ئەندامی مەکتەبی دیراسات و توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان هەقاڵ بیلال عەزیز شێخۆمان پێگەیشت.

هەقاڵی خوالێخۆشبوو بیلال عەزیز شێخۆ پێشمەرگەیەکی بەوەفا و دڵسۆزێکی ڕاستگۆی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی بوو، لەم پێناوەدا وێڕای سەختیەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی ماوەی چەند ساڵێک وەک هەموو ئەو کوردپەروەرانەی بوونە قوربانی سیاسەتی شۆڤینی حکومەتی بەعس دوور دەخرێتەوە بۆ خواروو عێراق. بەم بۆنە خەمناکەوە، هاوبەشی خەمان بۆ خانەواده تێکۆشەرەکەی ڕادەگەیەنین و سەرخۆشیمان ئاڕاستەی خزم و دۆست و هەقاڵانی لە مەکتەبی دیراسات و توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین. لە خودای مەزن داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

اناالله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو هەقاڵ (بیلال عەزیز شێخۆ)

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگە و کادیری شۆڕشی مەزنی ئەیلول، ئەندامی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتیمان، هەقاڵ (بیلال عەزیز شێخۆ)مان پێگەیشت. خوالێخۆشبوو (بیلال عەزیز شێخۆ) پێشمەرگە و کادیرێکی کوردپەروەر و دڵسۆز و بەوەفای ڕێبازی پارتی و بارزانی بوو، لەم پێناوەدا بەپەڕی تواناوە تێکۆشاوە و چەندین زەحمەتی و نەهامەتی چەشتووە. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و کەسوکاری خوالێخۆشبوو و هەقاڵ و هاوکارانی لە سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتیمان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لە خوای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی هەقاڵی کۆچکردووشمان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

سوپاس و پێزانین

سوپاس و ڕێزی بێ پایانم بۆ بەڕێز نوێنەری جەنابی کاک مسعود بارزانی و نوێنەری بنەماڵەی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حزب و لایەنە سیاسیەکان و وەزیر و پەرلەمانتارانی حکوومەتی عێراق فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێزان شێخانی تەریقەرەت و مامۆستایانی ئایینی پیرۆز و سەرۆک عەشیرەت و ڕیش سپی و پیاو ماقوڵان لە کورد و عەرەب و بەڕێزان بەرپرسانی سەربازی و ئەمنیی و قونسوڵ و نوێنەرە دیبلۆماتیەکان و حزمان و کەسوکار و هاوڕێیانی قەدرگران. بەناوی بنەماڵەو خانەوادەکەمان سوپاسی هەموو ئەو دۆست و خۆشەویستانە دەکەین کە لەکاتی بەخاکسپاردن و مەراسیمی پرسەی خودا لێیەخۆشبێت (حاجی فاروق حاجی بەگ خەلیفە برادۆستی) بەژداربوون و ئامادەبوون و هاوبەشی ئێوە لەم خەمە گەورەی ئێمە لە ئازارەکانی کەم کردینەوە، لە خوای گەورە داواکارین بەسۆز و ڕەحمەتی فراوانی خۆی لە هەموو کۆسپ و کۆستێکی دڵتەزێن بیانپارێزێت.

(حاجی فائق حاجی بەگ خەلیفە برادۆستی)

لە جیاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبێت

***

بەناوی بنەماڵەی (ڕەشید شەریف ئەفەندی مختار)، بەهۆی کۆچی دوایی (ڕووناک) خانی خوشکمان، بە گەرمی سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەموو هاوڕێ و دۆست و هاوپێشەکانمان دەکەین کە لە پرسەکەمان بەشداری ڕاستەوخۆیان کرد یان بە تەلەفۆن و نامە بەسەربان کردینەوە. بەتایبەتی سوپاسی بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی، کاک نێچیرڤان بارزانی، کاک مەسرور بارزانی، هەموو ئەو بەڕێزانەی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی ئاسایش و هێزەکانی پێشمەرگە و پارتە سیاسییەکان و دامەزراوە پەروەردەیی و ئەکادیمییەکانی کوردستان بەشداربیان لە پرسەکەمان کرد. بەشداریتان لە پرسەکەمان لە خەم و ئازارەکانی ئێمەی کەمکردەوە و خوا پاداشتی هەموو لایەک بداتەوە.

دکتۆر شەماڵ ڕشید مختار

***

بەناوی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو؛ مستەفا حمەدئەمین گەردەیی خۆشناو، لە دڵەوە زۆر سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین لە کاتی نەخۆشکەوتنی خوالێخۆشبوو و تا کۆچکردنی، بەسەربان کردینەوە و بەشداربوون لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن و پرسەی کۆچکردوو یان بەنامە و تەلەفۆن هاوخەمی خۆیان نیشاندا و لە شار و شارۆچکەکانەوە ئەزیەتیان کێشا و بەشداربوون لە پرسەکەمان و ئێمەیان لەبیربوو و لە خەمەکانیان کەم کردینەوە. هەروەها زۆر سوپاسی کاکەمین نەجار بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەولێر، د. پشتیوان سادق وەزیری پەروەردە، نەوزاد هادی پارێزگای هەولێر، ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، شێخ زاهیر خەیلانی ئەندام پەرلەمانی کوردستان، بەرپرسی ناوچەکانی ئاشتی، رزگاری، باسرمە، بنەسلاوە، بالیسانی پارتی دیموکراتی کوردستان. کارگێڕ و ئەندامانی لقی 24ی سەفین، بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەری گشتی هەواڵگری و سەرجەم ئەفسەر و پلەداران و پێشمەرگەکانی. سوپاس بۆ بەرپرسی ژمێریاری وەزارەتی پێشمەرگە و ئەفسەران و پێشمەرگەکانی وەزارەت و جێگری سەرۆکایەتی دەستەی ئەرکان، سەرجەم ئەفسەر و پلەدارانی وەزارەتی پێشمەرگە و یەکەی 80و بەرپرسی فەرماندەی فەرماندەیی سپیلک و ئەفسەرەکانیان و جێگری فەرماندەی سەفین، بەرپرسی مەڵبەندی هەولێری یەکگرتووی ئیسلامی و ئەندامانی سەرکردایەتیان وسەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان و کوڕانی میرانی ئەنوەر بەگی بێتواتە و کوڕانی جەمیل ئاغای کۆڕێ و ئەفسەرانی دەرچووی خولی 24ی کۆلیژی سەربازی 2ی زاخۆ و مامۆستایانی ئایینی و ڕیش سپی وکەسایەتییەکانی عەشیرەتی خۆشناو وسەرجەم عەشیرەتەکانی تر و بەرپرسانی حکومی و حیزبی و بەرپرسە سەربازییەکان و پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ و فەرمانبەران و کادیرانی هەموو دەستە و دام و دەزگا و یەکە ئیداری و حزبییەکان و سەندیکاکان و ڕێکخراوەکان و کۆمپانیاکان و گشت جەماوەری شار و شارۆچەکەکانی کوردستان وخزمان و خۆشەویست دەکەین. خوای گەورە ڕۆحی کۆچکردوو بەبەهەشت شاد بکات و پاداشتی بەخێری هەموو لایەک بداتەوە و دووبارە سوپاس بۆ ماندووبوونتان.

عەقید انور خۆشناو

بەرپرسێ لقێ 1 پێشوازی کر ل ڕێڤەبەرا نەخوشخانا ئافرەتان و زاروک بونێ




سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا ڕێڤەبەرا نەخوشخانا ئافرەتان و زاروک بونێ دگەل هژمارەکا دی یا نوژدارێن تابەتمەند کر ، دڤێ پێشوازیێدا بەرپرسێ لقێ بخێرهاتنا وان کر و دیسان دەست خوشی ل وانکرن ل هەمبەر کارێ وان یێ مروڤایەتی ئەنجامدای نەخاسمە دەما ئەو هەوا بەرفرەها ئاوارەو پەنابەرێن کوردیێن ڕوژئاڤا و پەنابەرێن خوارو ناڤەڕاستا عیراقێ ئەوێن ئاکنجی بوین ل پارێزگەها دهوکێ هەوە کارەک مەزن و مروڤایەتی بەرامبەر وان ئەنجامدا ژبلی وێ چەندێ کۆ ڕوژانە خزمەتا خوجهێن پارێزگەها دهوکێ دکەن و ڤێ خزمەتێ ئەم بلند دنرخینن ، ئەڤە و نوژدارێن بەرهەڤبوی سوپاسییێن خو ئاراستەی بەرپرسێ لقێ کرن بو وێ پێشوازییێ و وان پەیڤێن ئاراستەی وانکرین .

ئەڤرو دێ دەست ب ئەلکترونیکرنا پلێتا ئاهێن خارنێ ل پارێزگەها دهوکێ هێتە کرن



دوهی سپێدێ 12-2-2019 فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا خاتون سالی هیدوک بەرپرسا ڕێکخراوا WFPل ئیراقێ وشاندێ دگەلدا کر. دهەڤدیتنەکێدا ب ئاماژەبونا ئیسماعیل محەمەد ئەحمەد هاریکارێ پارێزگەرێ بو کاروبارێن مروڤایەتی بەحسێ بریارا حکومەتا ئیراقا فیدرال ژبو ئەلکترونیکرنا پلێتا ئاهێن خارنێ هاتە کرن. بەرپرسا ڕێکخراوا WFPدیارکر کو دگەل لایەنێن پەیوەندیدار ل ئیراقێ کومبوینە بو ئەلکترونیکرنا پلێتا ئاهێن خارنێ ئو وەکو سەربور پلێتێن ئەلکترونی بو چەند خێزانەکا کو ناڤێن وان ل دهۆ بریکارێن ئاهێن خارنێ بوون ل تاخەکێ باژێرێ بەغدا هاتینە دورستکرن ، هەروەسا دیارکر کو بریارە ئەڤ پڕۆژە ئەڤرۆ 13-2-2019ل پارێزگەها دهوکێ ژی بهێتە ئەنجامدان وئەڤ کارە دێ شەش هەیڤا بەردەوام کەت وخواست کو سازیێن پەیوەندیدار یێن پارێزگەهێ هەڤکار وهاریکارین دگەل تیمێن وان بو سەرئێخستا پڕوژەی. ژلایێ خوڤە پارێزگەرێ دهوکێ خوشحالیا خو ب سەردانێ دیارکر وگرنگیا پڕوژێ ئەلکترونیکرنا پلێتا ئاهێن خارنێ بەرچاڤکر وبەرهەڤیا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هاریکاری وهەڤکاریەکێ .

بۆ درێژەدان بەخوێندنی باڵا، سێیەم خوێندکاری کورد بەرەو ژاپۆن بەڕێکەوت



وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایگەیاند: ژاپۆن خاوەن ئەزمونێکی سەرکەتوو و دانسقەیە لە بواری جیاکاندا، مایەی خۆشحاڵیمانە کە گەنجانی وڵاتەکەمان ڕوو لەو وڵاتە دەکەن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا و سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانیان.

ئەو ڕاگەیاندنەی د.یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دوێنێ سێشەمە، ڕێکەوتی 2019/2/12 لە میانەی دیدارێکی لەگەڵ (کاتسومی مۆریاسۆ) کونسڵی گشتی ژاپۆنی لە هەرێمی کوردستان هات.

لەو دیدارەدا، کە بەئامادەبوونی د.ئامانج سەعید ڕاوێژکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و، د.جوان جەلال بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان بەڕێوەچوو، گفتوگۆ لەبارەی چۆنیەتی پتەوکردنی پەیوەندییە زانستی و ئەکادیمییەکانی نێوان یابان و هەرێمی کوردستان کرا.

لە سەرەتای دیدارەکەدا، کونسڵی گشتی ژاپۆن وتی: خوشحاڵم کە جارێکی دیکە سەردانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەکەم، وتیشی خۆشحاڵین کە خوێندکارێکی دیکەتان توانی سکۆڵەرشیپی وڵاتەکەمان بەدەست بهێنێ، هیواشی خواست ئەو خوێندکارە سەرکەتوو بێت و ببێتە هۆکارێک بۆ زیاتر بەهێزکردنی ئەو پەیوەندیانەی لە نێوان هەردولادا دروست بووە. لە بەرامبەردا، د.یوسف گۆران: دوای بەخێرهێنانی کونسڵی ژاپۆن وتی: وەک وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی خۆشحاڵین بەو پەیوەندیەی کە لەگەڵ ژاپۆن دروستمان کردوە، هەروەک پیرۆزبای لەو خوێندکارەش کرد ,کە توانی سکۆڵەرشیپی ژاپۆنی بەدەستبهێنێ، ئەوەشی ڕاگەیاند: بەڕەوانەکردنی ئەو خوێندکارانی کورد لە زانستی و، د.جوان جەلال بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان بەڕێوەچوو، گفتوگۆ لەبارەی چۆنیەتی پتەوکردنی پەیوەندییە زانستی و ئەکادیمییەکانی نێوان یابان و هەرێمی کوردستان کرا.

لە سەرەتای دیدارەکەدا، کونسڵی گشتی ژاپۆن وتی: خوشحاڵم کە جارێکی دیکە سەردانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەکەم، وتیشی خۆشحاڵین کە خوێندکارێکی دیکەتان توانی سکۆڵەرشیپی وڵاتەکەمان بەدەست بهێنێ، هیواشی خواست ئەو خوێندکارە سەرکەتوو بێت و ببێتە هۆکارێک بۆ زیاتر بەهێزکردنی ئەو پەیوەندیانەی لە نێوان هەردولادا دروست بووە. لە بەرامبەردا، د.یوسف گۆران: دوای بەخێرهێنانی کونسڵی ژاپۆن وتی: وەک وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی خۆشحاڵین بەو پەیوەندیەی کە لەگەڵ ژاپۆن دروستمان کردوە، هەروەک پیرۆزبای لەو خوێندکارەش کرد ,کە توانی سکۆڵەرشیپی ژاپۆنی بەدەستبهێنێ، ئەوەشی ڕاگەیاند: بەڕەوانەکردنی ئەو خوێندکارانی کورد لە ژاپۆن بەڕێکەوت وتی: دەمێک بو ئارەزووم دەکرد لە ژاپۆن درێژە بەخوێندن بدەم، خۆشبەختانە توانیم لە ڕێگەی سکۆڵەرشیپی ئەو وڵاتە لە زانکۆی (کیۆتۆ) وەربگیرێم, کە یەکێک لە زانکۆ هەر پێشەنگ و ئاستبەرزەکانی جیهان ,بۆ ئەوەش هانی خوێندکارانیدا هەوڵی بەردەوام بدەن، چونکە هەر کەسێک زمانی ئینگلیزی بزانێ بەدەستهێنانی سکۆڵەرشیپ لە وڵاتان ئەوەندە کارێکی ئەستەم نیە، بەڵام پشودرێژی دەوێ، لە کۆتایشدا سوپاسی خێزانەکەی کرد کە پاڵپشت و هاندەری بون تا بتوانێ درێژە بەخوێندن بدات و، دوای گەڕانەوەشم لە ڕێگەی ئەو زانست و زانیاریەی بەدەستی دەهێنم خزمەتی گەلەکەمی پێ دەکەم.

بۆ جاری چوارەم و لە هەولێر، بەمەبەستی پاراستنی شۆڕشەوار و کەلەپوور

رێکخراوی کارابینەری ئیتالیا خولێکی تایبەت بۆ فەرمانبەران و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکاتەوە



خەبات/عەلی بانیشاری

یەکەی پۆلیسی تایبەت بە پاراستنی کەلەپور و شوێنەوارە سەر بە وڵاتی ئیتالیا(TPC) بۆ جاری چوارەم لە شاری هەولێر بەمەبەستی پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور خولێک بۆ فەرمانبەران و هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ دەکاتەوە، خولی ئەم جارە رێکخراوەکە لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بەرێوەدەچێت و زیاتر لە 20کەس تێیدا بەشدارن. بەپێی ئامارێکی نافەرمی کە دەست(خەبات)کەوتووە تائێستا نزیکەی 100فەرمانبەر و کارمەندی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆیدا سوودیان لە خولەکانی پۆلیسی شوێنەوار و کەلەپووری وڵاتی ئیتالیا بینووە. بەرنامەی رێکخراوی کارابینەری ئەوەیە لە داهاتوو خولەکانیان ببەنە پارێزگای سلێمانی.

د.ئاراس ئیسماعیل، یاریدەدەری راگری کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بە(خەبات)ی گوت: رێکخراوی کارابینەری کار لەسەر کەیسەکانی کڕین و فرۆشتن و وێرانکردن و بە قاچاخبردنی شوێنەوار دەکات و لە خولەکەدا فەرمانبەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ سوودمەندن دەبن. گوتیشی: خولی ئەم جارەی کارابینەری بۆ ماوەی 10رۆژی تەواو لە کۆلێژی ئادابە بەرێوەدەچێت. ناوبراو ئەوەشی گوت: بەشی شوێنەوار لە کۆلێژی ئادابە خۆی پارێزەری ئەو کەیسانە دەزانێت کە پۆلیسی شوێنەوار و کەلەپووری ئیتالیا لە خولەکاندا دەیڵێنەوە.

یاریدەدەری راگری کۆلێژی ئادابە دەشڵێت: وشیاری شوێنەوارە لە سستەمی خوێندنی زانکۆدا نییە، رێکخراوە ناحکوومیەکان زیاتر کار لەسەر ئەو بابەتە دەکەن، کارابینەری هاتووە کار لەسەر ئەوە دەکات کە چۆن مامەڵە لەگەڵ شوێنەوارەکان بکرێت، بێگومان ئەمەش سوودی زۆری بۆ بەشداربووان دەبێت و هەر کەسێک کە خولەکە دەبینێت زیاتر دەتوانێت وشیاری شوێنەوار لە ناوچە و دام و دەزگاکەی خۆی بڵاوبکاتەوە. د.ئاراس هەروەها گوتیشی: پێمانباشە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بواری شوێنەوار و عەرەبیەکانیش خولی لەم شێوەیە لە باشووری کوردستان بکەنەوە و بۆ سالّی داهاتوویش کۆلێژی ئاداب بەرنامەی ئەوەیە هەیە کە چۆن کار لەسەر ئەوە بکات زانکۆ عەرەبیەکان بانگهێشت بکات و خول بۆ شوێنەوارناسان و فەرمانبەران لە دام و دەزگا جیاجیاکان بکەنەوە.



محەمەد هەڵەبجەیی، مامۆستا لە بەشی شوێنەواری کۆلێژی ئاداب و بەشداربووی خولەکە بۆ(خەبات) دەڵێ: ئامانج لە خولەکە لەلایەک پێگەیاندنی کادری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیە تا شارەزابن کە چۆن لە ناوخۆی وڵات مامەڵە لەگەڵ شوێنەوار و کەلەپووری دزراو دەکەین و ئەگەریش بچێتە دەرەوەی وڵات چۆن بگەڕێننەوە بۆ وڵاتی خۆیان، لەلایەکی تریشەوە دەرچوانی شوێنەوار و مامۆستایانی بەشی شوێنەوار کۆمەڵێک زانیاری گرنگیان پێدەبەخشێت و ئاشنانی چۆنییەتی بەقاچاخ بردن و کڕین و فرۆشتنی شوێنەوار دەبن. دەشڵێت: هەر لە خولەکەدا بەشداربووان فێری ئەوە دەبن چۆن ناوچەی کراوە شوێنەوارەکانی بکەنە موزەخانەی کراوە و چۆن بەشێوەیەکی زانستی بیپارێزن و دەستکاری نەکرێن و ئەگەر کێشەیان هەبوو چۆن چارەسەری بکەن.

و داخراوی شوێنەوار بەڕێزان
لەحەمەد شاکر، قوتابی بەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەدینە و یەکێکی ترەوە لە بەشداربووانی خولەکە و دەڵێت: زۆر دڵخۆشبووم بۆ یەکەمجار بەشداری خولێکی گرنگی پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور بووم. گوتیشی: لەم خولەدا فێری ئەوە دەبین کە چۆن شوێنەواری دزراو وەکو وڵاتانی دەرەوە بپارێزین. ئەو دەشڵێت: پێویستە لەم جۆرە خولانە بەردەوامیان ببێت و تاک بە تاکی هاوڵاتیان وشیاری شوێنەواریان لا دروست بێت و شوێنەوار وەکو بڕبڕە پشتی نەتەوە بپارێزن.

پەیامنێری(خەبات) هەولّێ زۆربەدا ئەندامێکی رێکخراوی کارابینەری لەم راپۆرتەدا قسە بکات ,بەڵام بێ سوود بوو. پەیامنێرمان زانیوویەتی ئەندامانی رێکخراوەکە لەسەروی خۆیانەوە پێیان راگەیەنراوە هیچ زانیاریەک بە دەزگاکانی راگەیاندن نەدەن. کارابینەری ئەندامی رێکخراوی یونسکۆیە. تائێستا فەرمانبەران و کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ و بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار لە کوردستان و پەیمانگای عێراقی بۆ پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەولێر و زانکۆی سەلاحەدین سوودمەند بوون لە خولەکانی یەکەی پاسەوانی تایبەت بە شوێنەوار و کەلەپووری وڵاتی ئیتالیا.

زانستی کارگێڕی رەچاوی هەموو ئەو ئامراز و شێواز و لێهاتوویانە دەکات، کە بۆ گفتوگۆ پێویستن

گفتوگۆیەکان هەمیشە وەک بڕبڕەی پشتی وتووێژکردن لەسەر قەیرانەکان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنیان دەمێننەوە



ئا: سەردار حوسێن

پێشترو بە زنجیرەیەک وتار و لێکۆڵینەوە زۆر رێگای گرنگ و شێوازی مامەڵەکردن و چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانەکانمان باس کردووەو کاریگەری و گرنگی رەگەزی ئایکۆلۆژیان لەبەرچاو گرتووە، هەموو ئەو توێژینەوانەیش پشتیان بە سەرچاوەی زانستی بەستووە، بەڵام زانستی تازەی بەڕێوەبردن و کارگێڕی ئەوەی ئاسانتر کردووەو چەندین شێواز و ئامرازی دیکەی هێناوەتە ئارا، کە بەڕێوەبەرانی قەیرانەکان دەتوانن بە ئاسانی سوودی لێوەربگرن و بەکاری بهێنن، هەروەهاش بۆ خاوەنی بڕیارەکان ژمارەیەک پرسیاریش روون دەکاتەوە.

لە شێوازەکانی زانستی کارگێڕیدا کە پێویستە کاری پێبکرێت بۆ گەیشتن بە چارەسەری قەیرانەکان، ئەوەیە کە زانستی کارگێڕی رەچاوی هەموو ئەو ئامراز و شێواز و لێهاتوویانە دەکات، کە بۆ گفتوگۆ پێویستن، لێرەشدا بەرووبی ڕۆڵی ژینگە و کاریگەری راستەوخۆی لەسەر کەسایەتی تاکەکان دەردەکەوێت، کە دەبنە بنەمای وتوێژکردن بڕیاردان، لەوانەیش:

1- رەوشتی کەسایەتی: لێرەدا راستەوخۆ کەبەستمان کەسایەتی ئەو وتوێژکارەیە لە هەموو ڕووەکانەوە، کە ئایا تاچەند وەک کەسێکی لێهاتووی قبوڵکراو لەلایەن بەرانبەرەکەوە گوێی لێدەگیرێت و دەتوانێت لەگەڵ کەسانی جیاوازدا وتوێژ بکات و ئەنجامێکی باش و رازیکەر بەدەست بهێنێت بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی قەیرانەکان و تا چەندیش دەتوانێت لەگەڵ لایەنە بەشداربووەکاندا خۆشەویستی خۆی بنوێنێت، کە لە پلەیەکی بەرزدا ئەو حاڵەتە پەیوەندی بەوە هەیە ئەو کەسە چۆن دەتوانێت بە چەند شێوازێک خۆی لەنێو وتوێژەکاندا بینێتەوە.

2- توانا بەدەستهاتووەکان: ئەو توانا و لێهاتوویانەیە کە بەزۆری لە رێگەی شارەزاییەوە بەدەست دێت، وەک توانای وتوێژ و گفتوگۆکردن بۆ ماوەی درێژ، هەروەهاش توانای دەستنیشاندکردنی ئامانجەکان، هەروا توانای بەدەستهێنانی زانیاری پێویست و توانای بەکارهێنانی شێواز و ئامرازی پێویست و دروستکردنی کاریگەری دەروونی لەسەر لایەنی بەرانبەرو...هتد.

3- ئەو زانیاریانەی پێویستە بۆ وتوێژەکان بەردەست بن: وەکو ترس، ترس لەوەی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستن کەم بن و پەیوەندییان بەو بابەت و باسەوە نەبێت کە دەبێتە تەواو و چەرکەساتی سەرسوڕمانەوە بەو هەموو بەدواداچوون و پرسیارانەی دەیوروژێنن، بۆیەش دەبێ زۆر بەوردی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و ئامادەکاری تەواو کرابێت بۆ وەڵامدانەوەیان و تەنانەت ئەگەر وەڵامەکان بەشێوەیەکی تەواویش بڕوا پێهێنەر نەبن.

گفتوگۆیەکان وەک بڕبڕەی پشتی وتوێژکردن لەسەر قەیرانەکان و بەڕێوەبردنیان دەمێننەوە هەوەک چۆن ئامادەکاری بۆ گفتوگۆ پێویستی بە رێکخستن و وێناکردنی هەموو ئەگەرەکان هەیەوە بە شێوەیەکی رێژەیی دەبێ تەواوی ئامادەکارییەکان بۆ ئەو مەبەستانە خرابنە بەر لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە تایبەتمەندی شارەزایی و لێهاتووی بۆ بەردەوامیدانی گفتوگۆکان، ئەوەیە کە هەردوو لایەنی وتوێژکار هەست بەوە بکەن متمانەی هاوبەش لەنێواندا دروست بووەو گفتوگۆکردنیش بە پێویست بزانن بۆ گەیشتن بە رێگەچارەی گونجاو.

گەیشتن بە چارەسەری قەیرانەکان، ئەوەیە کە زانستی کارگێڕی رەچاوی هەموو ئەو ئامراز و شێواز و لێهاتوویانە دەکات، کە بۆ گفتوگۆ پێویستن، لێرەشدا بەرووبی ڕۆڵی ژینگە و کاریگەری راستەوخۆی لەسەر کەسایەتی تاکەکان دەردەکەوێت



گفتوگۆیەکان وەک بڕبڕەی پشتی وتوێژکردن لەسەر قەیرانەکان و بەڕێوەبردنیان دەمێننەوە هەوەک چۆن ئامادەکاری بۆ گفتوگۆ پێویستی بە رێکخستن و وێناکردنی هەموو ئەگەرەکان هەیە

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/2/13 ژمارە (5693)

لە پەرتووکی ئەوینی کچانی وڵاتی من لاپەڕەی سپی زۆر کەمە



ڕاپۆرت/ ژیلا کەریمی

یەکێک لە هەستە جوان و پیرۆزەکان کە لەگەڵ پێگەیشتن و هەڵکشانی تەمەن رووددات ئەوین و خۆشەویستییە. هەستێک کە کلتور و فەرهەنگی کورد پێی نامۆ نییە و سالانێکە چیرۆک و شیعری خۆشەویستی لە کلتووری ئێمەدا بوونی هەیە. بەڵام بەداخەوە تا وڵات بەرەو پێشکەوتن دەچێت راستگۆیی لەو هەستەدا کەم دەبێتەوە تا ئەو جێیەی ئەمڕۆکە کچانی ئێمە بە ترسەوە لە خۆشەویستی دەڕوانن و ناوێرن تەجروبەی ئەو هەستە کە پێویستی ئەو قۆناغە لە تەمەنیانە بکەن. "بۆ؟"ی ئەم کارەساتە لەم ڕاپۆرتەدا لە زمانی ئافرەتانەوە دەخوێنینەوە :

مەهاباد عوسمان چالاکوانی مەدەنی لەو بارەوە دەڵێت: ڕۆژی ٥ی ڕێبەندان بەرامبەر بە 14ی شوبات، بە ڕۆژی " ڤالەنتاین " واتە، ڕۆژی خۆشەویستی دیاریکراوە. ئەم بۆنەیە لە فەرهەنگی ڕۆژئاواییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی ناشەرعی و بە دژی یاسا ناودەبرێت. لەکۆمەڵگای کوردەواریش، وەک کۆمەڵگایەک کە نەریت و کلتور و ئایین سەروەرە بۆتە هۆی ئەوەی لە زۆربەی بنەماڵەکاندا لە لایەن باوک و برا و ئەندامانی خێزانەوە خۆشەویستی بەتایبەت بۆ کچ وەک تاوان ئەژمار بکرێت. سەدەی بیست و یەکە و کەچی ئێستاش ڕۆژانە کوشتن و بڕین و ئەتک کردنی ژنان وکچان، لە کوردەواری و وڵاتانی ناوچە دەبنە هەواڵ و سەردێڕی ڕۆژنامەکان. ئەوە لە کاتێکدایە ئەگەر ئاوڕێک لە میژووی کۆمەڵایەتی ڕەسەنی کوردی بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێت، ئێمە نەتەوەیەکین بە پێزترین شێعر و دارێژەکانی جوانی، بە حەیران و لاوک و بەستەوە، بۆ ئەوین و خۆشەویستین چراوە، کەوابوو بۆ لە ئێستادا بیرکردنەوەی کێشەی کورد لە خۆشەویستی تاوانە و دەربڕینی خۆشەویستی کورێک بۆ کێژێکی ویستی دڵی خۆی لاوازییە؟ ئەمانە خەسارناسی دەوێت و دەبێت سەرچاوەی هۆکارەکان بدۆزینەوە. دیارە هۆکارە سەرەکییەکانی ئاژاوەی سیاسی و فەرهەنگی داسەپاوی ئایینی و وڵاتانی داگیرکەری کوردستان وەک ژینۆسایدی سپی کاری تێکردووین، بەڵام لە میژووی "کورد" دا وەفا و عەشق و خۆشەویستی هەمیشە بە ئازار بووە، کەچی بەردەوامیش وەفا و پاکی ئاوێتەی بووە. کورد دەتوانێت و ئەو تێگەیشتوویەی هەیە، فەرهەنگی سەردەم گولبژێرکات بۆ خۆشی ژیانی لاوانی خۆی، کەوابوو با خۆشەویستی بکەینە پێگەی ژیان و کێژ و لاوی کورد باشتر لە مانای خۆشەویستی تێبگات و بزانێت مەرجدانان بۆ خۆشەویستی و خۆشویستن تاوانە. بەگشتی دەتوانم بڵێم خۆشەویستی بنەمایەکی پیرۆزی ژیانە، هەستە، مایەی ئاسودەیی وبەختەوەرییە، تێگەیشتنە، نزیکبوونەوە لە ناخ و عیرفانە، خۆشەویستی تاکە مۆمی شەوەزەنگی بیرتەسکییە بۆ پێگەیشتن و بەردەوامی. ناپاکی و خۆی قیزەون دوورن لە مانای خۆشەویستی.

شیلان عەلی فەرمانبەرە و ڕای خۆی لەوبارەوە بەو شێوەیە داخاتەڕوو: کۆمەڵگەی ئێمە پیاو سالارە و زۆربەی شتەکان بۆ ئافرەت بڕیارە، سەرەڕای ئەوەش سەرچاوەی هۆکارەکان بدۆزینەوە. دیارە هۆکارە سەرەکییەکانی ئاژاوەی سیاسی و فەرهەنگی داسەپاوی ئایینی و وڵاتانی داگیرکەری کوردستان وەک ژینۆسایدی سپی کاری تێکردووین، بەڵام لە میژووی "کورد" دا وەفا و عەشق و خۆشەویستی هەمیشە بە ئازار بووە، کەچی بەردەوامیش وەفا و پاکی ئاوێتەی بووە. کورد دەتوانێت و ئەو تێگەیشتوویەی هەیە، فەرهەنگی سەردەم گولبژێرکات بۆ خۆشی ژیانی لاوانی خۆی، کەوابوو با خۆشەویستی بکەینە پێگەی ژیان و کێژ و لاوی کورد باشتر لە مانای خۆشەویستی تێبگات و بزانێت مەرجدانان بۆ خۆشەویستی و خۆشویستن تاوانە. بەگشتی دەتوانم بڵێم خۆشەویستی بنەمایەکی پیرۆزی ژیانە، هەستە، مایەی ئاسودەیی وبەختەوەرییە، تێگەیشتنە، نزیکبوونەوە لە ناخ و عیرفانە، خۆشەویستی تاکە مۆمی شەوەزەنگی بیرتەسکییە بۆ پێگەیشتن و بەردەوامی. ناپاکی و خۆی قیزەون دوورن لە مانای خۆشەویستی.

شیلان عەلی فەرمانبەرە و ڕای خۆی لەوبارەوە بەو شێوەیە داخاتەڕوو: کۆمەڵگەی ئێمە پیاو سالارە و زۆربەی شتەکان بۆ ئافرەت ئامادە نییە هاوسەرگیری لەگەڵ بکات. کەواتە هەر کاتێک تاکی کۆمەڵگە و بەتایبەت پیاوەکان یان کورەکان گەیشتنە ئەو ئاستەی ئافرەتیش مرۆڤە و تەنیا وەک جەستە تەماشایان نەکرد ئەو کاتە باوەڕم بە خوشەویستی نێوان دوو ڕەگەز هەیە و ئاوێزان بوونی دوو ڕۆح بەڕاست ئەزانم بۆ بەردەوامبوونی ژیان چونکە ژیان بە خۆشویستنەوە جوانە.

من وەک دایکێک هەمیشە هەوڵی ئەوە ئەدەم کورِ و کچەکەم وا پەوروەردە بکەم، مرۆڤانە بیر بکەنەوە و هەمیشە بەچاوی ڕێز و خۆشەویستییەوە لەژیان و کەسانی هاوڕەگەز و ڕەگەزی جیاواز بڕوانن. هەوڵ ئەدەم جیاوازی لەنێوان کورِ و کچەکەم نەکەم لە هەموو ڕووکانەوە و بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ بکەم، چونکە هەر وەک دەزانین منداڵ بە لاساییکردنەوە زیاتر شتەکان بەرجەستە دەکات وەک فێرکردن. کەواتە وا پێویستە هەموو دایک و باوکێک منداڵەکانیان بەو شێوەیە پەروەردە بکەن کە لەگەڵ سەردەم و گۆڕانکارییەکانی ژیان بگونجێن بە مەرجێ نەگاتە ئاستی بێڕێزی و بەزاندنی سنووری کلتور و بەها ڕەوشتییەکان.

ماهان بانە مامۆستا لە باخچەی ساوایان ڕایوایە: لە زۆربەی وڵاتانی جیهان وەک نەریتێک ، 14ی فێبروواری، مانگی"."، ڕۆژی جیهانی خوشەویستی"ڤالەنتاین"پێناسە کراوە، بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک چالاکی جۆراو جۆر لە لایەن ژنان و پیاوانەوە بە مەبەستی دەربڕینی هەستی خوشەویستی، بو یەکتر بە پێدانی هەدیە و گوڵ و... بەڕێوەدەبەن و پێشوازی لەو ڕۆژە دەکەن. ئەگەر چی ئەم ڕۆژە لە بنەڕەتدا زیاتر لە ئەفسانەوە نزیکە و گوایە ریشەی ئائینی هەیە ، بەڵام بە پێی سەرچاوەکان هیچ بەڵگەیکی زانستیانەی لە پشتەوە نییە ، بەڵام وەک نەریتێک بووەتە پێناسەی ڕۆژی دەربڕینی"خوشەویستی" کە لە ئەساسدا بە بڕوای من دووەر لە ڕاستی. بە باوەڕی من پێناسەی خوشەویستی، ڕێزگرتن و قبوڵکردنی مروقەکانە ، کە دەتوانێ نیاز و پێداویستیە ئەخلاقی و ڕۆحی و ڕەوانی مرۆڤەکان دەستەبەرکات و هاوکات پێکەوەیان گرێ بدات. بە باوەڕی من مرۆڤەکان لە بڕی ئەوەی لە دونیای خەیاڵ و نەریتی کونەپەرستانە و دواکەوتوانە خویان سەرقاڵ کەن، باشتر وایە و دەکرێت هەموو ڕۆژەکانی ساڵ بو دابێنکردنی ئەو هەستەیان و ژیانی شایستەیان کە ماقی هەر تاکێکە، خوازیاری نەمانی هەڵاواردنی ڕەگەزی و جنسی بن. هەروەها خوازیاری مافی یەکسانی ژن و پیاو بن بە گشتی و بە تایبەت لەباری ڕۆحی و هەستەوە، چونکە ناکرێت هەستێکی سروشتی کە لە قۆناغێک بۆ هەر دوو ڕەگەز ڕووددات بۆ لایەک بڤە بێت و بۆ لایەک ئامرازێک بۆ ڕابواردن. ئەگەر لێکدانەوەیەک لەسەر کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەمڕۆ بکەین، دەبێنین کە کێشەگەلێکی ئێجگار زور هەن کە هەر کامەیان و بە جوریکی نێگەتیڤانە کاریگەری لە سەر ژیانی هەر کام لە ئێمەی بە جۆرێکی خراپ داناوە و لە زۆر بوار ڕەوتی کۆمەڵگەی گرتووەتە دەست و حوکم دەکات. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بە گشتی تەنیا ڕێگە چارە، پەرەپێدان و گەشەسەندن و پێگەیاندنی ئاستی هۆشیاری تاک و کۆمەڵگایە لە هەموو بوارەکاندا، بە تایبەتی لە باری فیکری و ڕامیاریەوە، بۆیە ئەرکی هەر ئینسانێکی ئازادیخواز و ڕوناکبیرە، ئەم ڕۆژە و هەمو ڕۆژەکانی ساڵ، بەرز ڕاگرێ بۆ ودیهێنان و چەسپاندنی دونیایەک کە هەموو مرۆڤەکان تێدا یەکتریان خوش بوێ و ڕێز لە یەکتر بگرن. پەرەدان بە بواری ڕۆحی وەک هەموو بوارەکانیتر پێویستە و بە تایبەت ئەوین و خۆشەویستی کە بەشێکی گرنگی ژیانی ڕۆحی هەر تاکێکە و تەنیا پێویستە بە ڕۆشنبیری تاک و کۆمەڵگە کچانمان ڕابهێنین کە بە کەمترین هەڵە ئەو قۆناغە تێپەڕێنن و زەحمەتەکانی ژیان بە مەرهەمی ئەوین ساڕێژ بکەن.


نووسەر و ڕۆژنامەنووس نەسرین حەسەن لەو بارەوە دەڵێت: کاتێک باسی خۆشەویستی دەکەین، هەموو ئەو بەها جوانانەی کە لە ژیاندا هەیە خۆیان لە ناو ئەو چەمکەدا کۆدەکەنەوە و دەبنە بنەمای پێناسەیەکی جوان بۆ دروستبوونی ژیانێکی بەختەوەر لە نێوان ڕەگەزەکاندا ، پێناسەیەک کە دووەر لە هەموو تووندوتیژییەک ، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە ئەو چەمکە چۆن پێناسە دەکرێت و بە چ شێوازێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هەڵبەتە تێڕوانینی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بە خۆشەویستی جیاوازە و هەر کەسە پێناسەیەکی تایبەتی بۆی هەیە ، هەندێک پێیان وایە کە لە قۆناغی ئەمڕۆدا خۆشەویستی تەنیا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە حەز و ئارەزووە جنسییەکان، هەندێکیش بە هێمایەکی پیرۆز وەسفی دەکەن و پێیانوایە کە ژیان بێ خۆشەویستی واتایەکی نییە. کەواتا لێرە ئێمە چۆن لێی دەڕوانین و چۆن مامڕسەی ئەو بەها پیرۆزە دەکەین بۆ چۆنیەتی پەروەردەی تاکەکان لە نیو خێزان دەگەڕێتەوە، کاتێک هەر لە منداڵییەوە بە کچەکان دەوترێت" خۆشەویستی بڤەیە " و کۆڕەکان ڕێگایان پێنادرێت بگرین و یان خۆشەویستی خۆیان دەربڕن، لە بەر ئەوەی پێیانوایە پیاو نابێ مامەڵەیەکی نەرم و نیانی هەبێت، لە کۆمەڵگەیەک کە گەنجەکان بە تایبەتی کچەکان بە هۆی هەبوونی هەستێکی سروشتی مرۆڤایەتی کە خۆشەویستییە تووندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت و دەکوژرێن کەواتا چۆن پێناسەیەکی جوانی خۆشەویستی بکەین، هەر بۆیە دەربڕینی خۆشەویستی لە ناخەکاندا قەتیس دەمێنینت و ناتوانێ پێناسەی ڕاستەقینەی خۆی بکات. کەواتا ڕۆڵی پەروەردە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی واتای ڕاستەقینەی خۆشەویستی بە تاکەکان بناسێنرێت، هەروەها پێویستە زیاتر گرنگی بەو بەها پیرۆزە بدرێت و تەنیا لە ڕۆژێکی وەکو ڤالەنتاین باسی لێوە نەکرێت بەڵکو بکرێتە کلتورێک لە ناو کۆمەڵگەدا بۆ ئەوەی لە ناخی تاکەکانی کۆمەڵگەدا بچەسپێت و هەموو تاکێکی کۆمەڵگە لە ئاست ئەو بەها پیرۆزەدا هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات و گەنجەکان بە تایبەتی کچەکان بێ هیچ تەرس و دڵەڕاوکییەک خۆشەویستی بکەن. لەو ڕۆژەدا پیرۆزبایی لە هەموو ئەو گەنجانە دەکەم کە بە پێشکەشکردنی گوڵێک مومارسەی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە دەکەن و هیوادارم کۆمەڵگەش بە زەردەخەنەیەکی جوان وەڵامدەری ئەو هەستە جوانەیان بێت.




شیلان عەلی



نەسرین حەسەن



ماهان بانە



مەهاباد عوسمان

خۆشەویستی ڕاستەقینە چییە؟

ئا/ لاپەڕەی ئافرەت

خۆشەویستی یەکێکە لە هەستە گرنگەکانی مرۆڤە. ئەوین دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی خۆشی و ڕازیبوون لە ژیان، بەڵام هەندێک بە هەڵە وابیردەکەنەوە هەر هەڵچوون و سۆزێک بۆ کەسی بەرامبەر خۆشەویستییە. ئەو کەسانە و زۆری دیکەش لە مانای ڕاستەقینەی خۆشەویستی نەگەیشتوون. خۆشەویستی هەڵگری مانا و پێناسەی تایبەتە و چێژ و جوانی دەبەخشێتە ژیان. لێکۆڵینەوەی زۆر لە بواری خۆشەویستی ئەنجامدراوە و ئەو هەستە بە چوار تایبەتمەندی دەسنیشان دەکەن:

سەرنج و گرنگیپێدان، ئاگەداربوون و پاڵپشتی لە کەسێکیتر: زۆر کەس هەیە سەرەڕای کێشەی زۆر لە ژیاندا لە ژیانی خۆی ئەو پەڕی ڕەزامەندی هەیە و هۆکارەکەشی دەگەڕێننەوە بۆ هەبوونی خۆشەویستی و پاڵپشتی لە یەکتر و گرنگیپێدان و بە هەندەوەرگرتنی کێشەکان. لەوجۆرە ئەوینەدا بێ جیاوازی و بە هاوبەشی بەرەوڕووی کێشەکان دەبنەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە هەندێ کەس سەرەڕای ئەوەیکە کێشەیەکی ئەوتۆ لە ژیانیاندا نییە هیچ ڕەزامەندییەکان تیا نابینرێت و ئەوەش لە نەبوونی ئەوین یان دەرنەبڕینی و سارد و سڕی دەبینینەوە. واتا بە گشتی دەتوانین بڵێین خۆشەویستی چەکێکی بەهێز بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کێشەکانە.

بەرپرسیارەتی، ئاشنایوون بە ئەرکەکان بەرامبەر یەکتر و ئەنجامدانیان: ژیانی هاوبەش دەبێت بە مانای ڕاستەقینە هاوبەشی بێت. ئەرک و بەرپرسایەتییەکان بە پێی توانا و کات دابەش بکرێت و جیاوازی لە نێوانیاندا نەبێت. ئەگەر ئەمڕۆ ئافرەتی مالەوە هاوشانی پیاوەکەی بۆ دابینکردنی بواری مادی ژیان لە دەرەوەیە دەبێت پیاویش بە هەمان شێواز لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ماڵ و منداڵان یارمەتیدەر بێت. لێکتێگەیشتن کۆتا قسە دەکات. ڕێزگرتن، ڕەچاوکردنی ماف، ڕێزنواندن بەرامبەر بە باوەڕ، حەز، ویست و جیاوازییەکان: هەندێجار خەڵک وابیردەکەنەوە کە نزیکبوونەوە واتە وەلانانی ڕێز و ئەدەب. هەندێ لە نیشانەکانی بێڕێزی بریتین لە: جوێندان، پشتگوێخستن، شکاندنەوە، گوێ لە قسە نەگرتن و تانە و پلارلێدان و... دەبینرێت تەنانەت زۆرجار لە نیو خەڵکدا یەکتر بە نازناوی ناشیرین بانگدەکەن و ناوی دەنێن نزیکبوونەوە.

ڕێز واتا ویست و حەزی کەسی بەرامبەر لەبەرچاو بگرێت و هەوڵنەدرێ کە ئەو کەسە بە ویست و ئارەزووەکانی خۆمان ببەستینەوە و گۆشەگیری بکەین.

متمانە، هەست بە ئارامی و دڵنیایی کە هاوسەران لە یەکتری وەرینەگرن: زۆرجار نەبوونی متمانە و غیرەکردنی ناپێویست وادەکات کەسی دڵپیس لایەنەکەی دیکە بخاتە چوارچێوەیەک تەسکی ژیان و هەموو هاتوچۆ و ڕەفتار و قسە و ... بخاتە ژێر کۆنترۆڵ تا ئەو جێیەی تەنگی پێهەڵچنێت و ڕێگەی ژیانی ئاسایی لێبگرێت و تەنانەت بیر لە دوورکەوتنەوە و جیابوونەوە بکەنەوە.

کاتێک کەسێک عاشقی کەسێکیترە دەبێت ئەو چوار تایبەتمەندییە بوونی هەبێت. زۆربەی کات تاکەکان وشەی خۆشەویستی و ئەوین دەخەنەڕوو، بەڵام کاتێک لەو هەستانە دەکۆڵدرێتەوە دەبینرێت کە نە ڕێز، نە بەرپرسایەتی و نە پابەندبوون و گرنگیپێدانێک لەو پەیوەندییەدا هەیە. ڕەنگە بتوانین لە وشەی ئەوینی ناتەندروست بۆ ئەو پەیوەندییە کەڵکوەربگرین. هەڵبەت ئەگەر بکرێت وشەی ئەوین بۆ ئەو پەیوەندییانە بەکاربێنین. ئەو پەیوەندییانە جۆری جیاوازیان هەیە کە بەمشێوەیەن: کۆنترۆڵکردن و خستنە نێو چوارچێوە. فیداکاری و لەخۆبوردەیی زیاد لە سنوور. نموونەی باش پەروەردەکردن کە لەو جۆرە پەیوەندییە کە تاک وەک تەندروستترین و مەردانەترین و پاکترین کەس دەناسرێت.

خۆشەویستی واتا پەیوندی و تێکەڵبوون لەگەڵ کەسێکیتر بە شێوەیەک کە سەربەخۆیی و تایبەتمەندی هەردوولایەن وەک خۆی بمێنێت. نەک ئەوەیکە یەکێکیان ئەویتر ببەستێتەوە و بیخاتە چوارچێوەی قەدەغەکراوەکان یان ئەوەندە فیداکاری بکات کە زیان بە خۆی بگەیەنێت. لە چوارچێوەی ئەوینێکی ڕاستەقینە تاک کەسایەتی ناگۆڕێت و بە تێگەیشتن سنووری جیاوازییەکان کەمتر دەکەنەوە و ئەمە دروستترین کارە، چونکە ئەگەر کەسێک بە هۆی ئەوینی بۆ بەرامبەر بە تەواوەتی خو و ئاکارەکانی بگۆڕێت ئەوە نەک تەنیا خۆشەویستی و فیداکاری نییە، بەڵکو خۆ ونکردن و لاوازی کەسایەتییە و بە هەبوونی ئەوین کەسی بەرامبەر خۆی نابێت بەوە ڕازی بێت. خۆشەویستی یەک وشەیە بە دنیایەک بەرپرسایەتی و جیهانێک لە وەفا و تێگەیشتن.

دیبالا تیپە تازەکەی دەستنیشان دەکات



راپۆرتە هەواڵەکانی ئیتاڵیا ئاشکرایان کرد کە پاوڵۆ دیبالای ئەستێرەی یانەی یۆفەنتۆس بە ردوشێکی خراپ تێدەپەڕێت و گەیشتۆتە سەر ڕێگایەکی داخراو، بەم هۆیەوەش چاوەڕێ دەکرێت لەهاوینی داهاتوو بڕیاری جێهێشتنی یانەی یۆفەنتۆس بدات، کە بۆندەکەی تا ساڵی 2022 لەگەڵ یانەی خانمە پیرەکەی ئیتاڵی بەردەوام دەبێت. ڕۆژنامەی (تۆتۆ سپۆرت)ی ئیتاڵی بڵاوکردەوە کە ریال مەدریدی ئیسپانی باشترین وێستگەیە یاریزانی ناوبراو هەوڵی پەیوەندیکردنی بۆ دەدات، ڕۆژنامە ئیتاڵییەکە ئاماژەی بەوەکرد کە یاریزانی چیکی پاڤێل نێدڤید جێگری سەرۆکی یانەی یۆفەنتۆس ویستی نازی دیبالا لەچەند کاتژمێری ڕابردوو هەڵبگرێت. بۆ ئەوەی ڕازی بکات کاتێک گوتی: پالّەوانی بەتوانامان هەن و دەمانەوێت پارێزگاریان لێ بکەین، دیبالا باشتر یاری دەکات و زۆر دڵخۆشین بە هەبوونی لەتیپەکەمان. بەڵام پێدەچێت ڕۆژەکانی دیبالا لەگەڵ یۆڤی دیاریکراوبن، بەهۆی بەردەوامی ئەلیگری لەراهێنەرایەتی یانەی یۆفەنتۆس.

مانی دەستکەوتێکی کەسیی لەخولی ئینگلیزی تۆمارکرد



هەروەکو پیشەی هەمیشەیی سادیۆ مانی توانی شریتی گۆڵەکانی یانەی لیڤەرپوول بەرامبەر بۆرنموس لەگەڕی 26ی خولی ئینگلیزیدا بپچڕێنێت. بەم گۆڵەی سادیۆ مانی بووە خاوەن دەستکەوتێکی تاکە کەسی دوای ئەوەی بۆ یاری چوارەمی لەدوای یەک لەخولی ئینگلیزی گۆڵ تۆمار دەکات. گۆڵەکەی مانی هەروەکو پیشەی پێشووی نەبوو، ئەمجارە بەلێدانێکی سەری نایاب تۆمارکرا، کە لەلایەن جامیس میلنەر بۆی بەرزکرایەوەو ئەویش توانی بەسەرکەوتووی بەسەری بقۆزێتەوە. لیڤەرپوول توانی لەم یارییەدا سەرکەوتن تۆمار بکات و بەر لەیاری مان سیتی پێشەنگ بەدەست بێنێتەوە.

تۆدیبۆ: بەرشلۆنە خەونی منداڵیم بوو، نرخی ژمارەی درێسەکەم دەزانم



گان کلێر تۆدیبۆ، بەرگریکاری تازەی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانیا کە لەم دواییە ریزی یانەی تۆلۆزی فەرەنسی لەبەرژەوەندی یانەی کاتەلۆنی جێهێشت دووپاتیکردەوە، کە یاریکردنی بۆ یانەی بەرشلۆنە خەونی منداڵی بووەو ئێستاش بۆتە ڕاستی. لەمباریەوە تۆدیبۆ دەڵێت: دەمەوێت لەگەڵ ئەستێرەکانی جیهان مەشق بکەم و خۆیان لەگەڵ بگونجێنم، بەر لەهەموو شتێک دەمەوێت لێیان فێربم، چونکە هاورێیە تازەکانم هەموویان گەورە یاریزانی جیهانن. لەکۆتاییدا گوتی: گرنگی درێسی ژمارە 6ی یانەی بەرشلۆنە باش دەزانم، لەگەڵ ئەوکەسانەی ئەم درێسەیان پۆشیوە، ئەوان گەورە یاریزانی جیهان بوون و جێگای شانازی مەن، هیواخزم لە ئاست ئەو ژمارەیە دابم.

پۆگبا چووە سەر سەکۆی خولی ئینگلیزی

ئەستێرەی فەرەنسی پۆل پۆگبا یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی مان یونایتدی ئینگلیزی پێشەنگی لیستی باشترین یاریزانانی خولی ئینگلیزی لەم چەند هەفتەیی دوایی وەرگرت. لەدوانی هاتنی ڕاهێنەری نەرویژی ئۆلی گۆنار سۆلشایەر ڕەوشی پۆگبا لەیانەی مان یونایتد بە 180 پلە سەراوژێر بوو، دوای ئەوەی ڕاهێنەری نەرویژی جێگای گۆزێ مۆرینهۆی پورتوگالی گرتەوە. لەدوای هاتنی سۆلشایەر بۆ مەشقی مان یونایتد هیچ یاریزانێک لەخولی پریمەرلیگ نەیتوانیوە هێندەی پۆگبا بەشداری گۆڵەکان بکات. پۆگبا لەو ماوەیەدا بەشداری 13 گۆڵی کردووە، بە تۆمارکردنی 8 گۆڵ و دروستکردنی 5 گۆڵ بۆ هاوڕێکانی. ئەم وەرزە بەباشترین وەرزشی پۆگبا دادەنرێت لەسەر ئاستی تۆمارکردنی گۆڵ، کە 10 گۆڵی لەیەک وەرز تۆمارکردووە، پۆگبا بە دووگۆڵەکەی لەیانەی فولهام تۆماریان کرد کە تیایدا بە 3 گۆڵی خاوێن سەرکەوتن، هاتە سەر سەکۆی خولی پریمەرلیگ لەو ماوەیەی لەگەڵ سۆلشایەر کاریکردووە.

ئەگوێرۆ لە 2019 بە تەنها پێش هەموو چێڵسی دەکەوێتەوە





هێرشبەری ئەرژەنتینی سێرگیۆ ئەگوێرۆ لەساڵی 2019دا ژمارەیەک گۆڵی تۆمارکردووەو بەمەش پێشەنگی لیستی گۆڵکارانی خولی ئینگلیزی بەیەکسانی لەگەڵ محەمەد سەلاحی لیڤەرپوول گرتووە. ئەگوێرۆ لەیاری ڕابردووی مان سیتی ڕابەرایەتی تیپەکەی کرد بۆ ئەنجامدانی سەرکەوتنێکی گەورە بەسەر یانەی چێڵسی بە ئەنجامی 6گۆڵی خاوێن، کە تیایدا ناوبراو 3گۆڵ و هاتریکی دووەمی لەماوەی یەک هەفتەدا تۆمارکرد. کە لەناوەڕاستی هەفتەی ڕابردووش بەرامبەر ئارسنالّ هاتریکی تۆمار کردبوو، بەمەش ڕێژەی تۆمارکردنی گۆڵ لەساڵی نوێ لەبەرزبوونەوەدایە، ئەوەی جێگای سەرنجە یانەی چێڵسی بەتەواوی لەساڵی 2019دا گۆڵەکانی لە ئەگوێرۆ کەمترن. ئەگوێرۆ 8گۆڵی تۆمارکردووەو چێڵسی 7گۆڵ.



یۆڤنتۆس

ژمارەی پێوانەیی خۆی دەشکێنێت

یانەی یۆڤنتۆس توانی جیاوازی خاڵەکانی لەپێشەنگی خولی ئیتاڵیا لەگەڵ ناپۆلی فراوانتر بکاتەوە بۆ 11خاڵ دوای سەرکەوتنی لەیاری رابردوو بەسەر یانەی ساسۆلۆ لەچوارچێوەی گەڕی 23ی کالیچیۆ. بەمەش یانەی یۆڤی گەیشتە 27یاری بەبێ شکست لە خولی ناوخۆ، کە زنجیرەی سەرکەوتنەکانی لە 22ی نیسانی 2018دەستی پێکرد لەدوای شکستەکەیان بەرامبەر ناپۆلی بەگۆڵێکی خاوێن. بەمەش یۆڤی توانی ژمارەی خۆی تێپەڕێنێت کە لەساڵی 2015تا 2016تۆماریکردبوو بە 26 یاری بەبێ شکست.

8یاریزان سوپەر هاتریکیان لە چامپیۆنس لیگ تۆمار کردووە



لەمێژووی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا، تەنیا هەشت یاریزان بە تۆمارکردنی چوار گۆڵ لە یەک یاریی(سوپەر هاتریک) ناوی خۆیان لەمێژووی خولەکەدا تۆمار کردووە، ئەمەی خوارەوەش، ناوی یاریزانەکان و ئەو یارییەی گۆڵەکانیان تێدا تۆمار کردووەیە:

1- مارکۆ ڤان باستن (میلان- ئیتاڵیا): ئەو یاریزانە لەوەرزی 1992 - 1993 توانی چوار گۆڵ بەرامبەر یانەی مارسیلیای فەرەنسی تۆمار بکات.

2- سیمیۆنی ئینزاگی (لازیۆ ئیتاڵیا): ئەو یاریزانە لەوەرزی 2000 -2001 توانی چوار گۆڵ بەرامبەر یانەی مارسێلیای فەرەنسی تۆمار بکات .

3- دادۆ برنسۆ (مۆناکۆ-فەرنسا): ئەو یاریزانە لە وەرزی 2003 -2004 توانی چوار گۆڵ بەرامبەر یانەی دیپۆرتیڤۆ لاکەرۆنیای ئیسپانی تۆمار بکات.

4- رۆد ڤان نیستەلرۆی(مانچستەر یونایتد ژئینگلتەرا): ئەو یاریزانە لە وەرزی 2004- 2005 توانی چوار گۆڵ بەرامبەر یانەی سپارتاک براگای چیکی تۆمار بکات.

5- ئەندریا شیفچینکۆ(میلان- ئیتاڵیا): ئەو یاریزانە لە وەرزی 2005 -2006 توانی چوار گۆڵ بەرامبەر یانەی فەنەربەخچەی تورکی تۆمار بکات.

6- لیۆنێل مێسی (بەرشلۆنە- ئیسپانیا): ئەو یاریزانە لە وەرزی 2010 - 2011 توانی چوار گۆڵ بەرامبەر یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی تۆمار بکات.

7- ڕۆبێرت لیڤاندۆڤسکی (بوروسیا دۆرتمۆند-ئەڵمانیا): ئەم یاریزانە لە وەرزی 2012- 2013 توانی چوار گۆڵ بەرامبەر یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی تۆمار بکات.

8- زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ (پاریس سان جێرمان): ئەو یاریزانە لە وەرزی 2013- 2014 توانی چوار گۆڵ بەرامبەر یانەی ئەندەرلختی بەلجیکی تۆمار بکات.

ڕەمزی میرەکانی

قەتەر بە نموونە

یوسف هەورامی


دوای ئەوەی هەڵبژاردەی قەتەر توانی ببێتە پاڵەوانی ئاسیا و جامی ئاسیا بەرز بکاتەوە بۆیەکەم جار لەمێژوویدا

هەڵبژاردەی قەتەر توانی لەسەرجەم یاریەکانی پاڵەوانیەتیەکە سەرکەوتن بەدەست بێنێت و یاریزانەکانی باشترین ئاستیان پێشکەش کرد و باشترین یاریزان و باشترین گۆڵچی و گۆڵکاری خولەکە لەهەڵبژاردەی قەتەر بون ؟!

ئەمەش ئەمانگەیێنێتە ئەو خاڵەی کەهەڵبژاردەی قەتەر هەروابەئاسانی نەگەیشتوەتە ئەو ئاستەبەرزە بەڵکو پلانێکی درێژخایەن و هەوڵێکی بێ ووچانی بەردەوام پێویست بوە هەر لە شارەزایان و ڕاهێنەران و یاریزانەکان و تائەگاتە تاک بەتاکی هاندەران و دانیشتوانی وڵاتی قەتەر تاتوانیان ئەو ئاستە بەرزە پێشکەش بکەن و ببنە پاڵەوانی ئاسیا

ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە دروستکردنی ئەکادیمیای ئەسپایەر لەساڵی 2004وە کەدوای هەوڵ وکۆششی بەردەوامی بەرپرسانی سیاسی و ئابوری و وەرزشی ئەو وڵاتە بەهۆی ئەو ئەکادیمیایەوە ببنە خاوەنی هەڵبژاردەیەک کەببێتە پاڵەوانی ئاسیاو لەهەمانکاتدا هەلبژاردەیەک بونیاد بنێن بۆ یاریەکانی جامی جیهانی 2022 کە لە وڵاتی قەتەر ئەنجام دەدرێت، هەروەها بونی ئیرادەیەکی بەهێزی لێپرسراوانی وەرزشی ئەو وڵاتە وایکردوە کەبەسەر کۆسپەکان سەربکەون و بتوانن لەتەواوی یاریەکانی تۆپی پێ و بالەو باسکەو تۆپی دەست و گۆرەپان و مەیدان کێبرکێی وڵاتە پێشکەو1توەکان بکەن و لەهەمانکاتدا توانیویانە باشترین یاریگاو هۆڵی وەرزشی دروست بکەن و پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکان لەو وڵاتە ئەنجام بدرێن و ببنە هۆکارێکی سەرەکی بۆ بەرەو پێش چونی وەرزشی ئەو وڵاتە بۆیە پێویستە لە سەر کاربەدەستانی حکومی و وەرزشی کوردستان و عیراقیش پلانێکی درێژخایەنیان هەبێت بۆبەرەو پێش چونی وەرزش بەگشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی ئەویش بە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بەوەرزش و بەرەو پێشچونی لەپەرلەمانی کوردستان و عیراق و گرنگی دان بە یاریزانی بەهرەمەندو تازەپێگەیشتوان و لاوان و سەرپەرشتیکردنی ئەو ئاستانە لەیەن شارەزایان و پسپۆرانی تایبەتەوە تائەگەنە ئاستی یاریزانێکی بەتواناو گرنگی دان بەدروست کردنی یاریگاو هۆڵی وەرزشی و کردنەوەی خولی بەردەوام بۆراهینەران و داوەران لەسەرجەم یاریەکان.

کێربەر بەشداریکردنی لە پاڵەوانێتی دوبەی دووپاتکردەوە



کچە یاریزانی ئەڵمانی ئانگلیک کێربەر پۆلینکاری شەشەمی جیهانی ئێستا و یەکەمی پێشوو، ئاشکرای کرد کە بەفەرمی بەشداری پاڵەوانێتی دوبەی بۆ تێنسی سەر زەوی دەکات، کە دوێنێ یەک شەمە بەبەشداری 9یاریزان لە کۆی 10یاریزانی یەکەمی جیهان دەستی بە رکابەرییەکان کرد، کە لە ژمارەی 2017، 2018 لەسەر دەستی کچە یاریزانی ئۆکرانی ئالینا سڤیتۆلینا مالێاوایی کرد کە لەکۆتاییدا بووە پاڵەوانی ئەم خولە، کێربەر لە بلاوکراوەیەکدا گوتی: زۆر حەز بەیاریکردن لەدوبەی دەکەم، چێژ لەمانەوەم لەوشارە وەردەگرم، شوێنێکی زۆر دڵخۆش و دڵگیرە بۆ یاریکردن.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Wed, 13. Feb. 2019 No: (5693)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



شاعیری لاو سۆزان یوسفی:

چۆن دەتوانین لەسەر بەژن و باڵا و زەردەخەنەی کچێک بنووسین هەر ئاواش دەتوانین لە سەر کورێکیش بنووسین، ئەوانیش جوانی خۆیان زۆرە کە وەسف بکرێت

هەیبەت و شەهامەتی پێشمەرگە لە باوکمەوە ناسیومە کە ئێستاش وەکو خوێن لە دەمارەکانمدایە



دیدار: وریشە عومەر

لەبەر ئەوە شیعرم هەڵبژارد چونکە هەستم دەکرد ئەو قسانەی کە دەمەوێت بیکەم زۆرن، کەسانی دەوروبەرم لە وشەکانم تێدەگەن. هەستم دەکرد هەر چەند هەستیشم بەرز بێت کەس دەنگی من نابیستێت منیش دانیشتمە سەر دەفتەرەکەم و ئەوەی لە دڵمەوە هات ئەوم پێیاندا ڕژاند. تاکو ماوەیەک تێپەڕی و تێگەیشتم ئەو وشانەی کە دەیاننوسم زۆر شاعیرانەن هەستی دەروونم بە زمانی کوردی بگەیەنم بە خوێنەرانم ئەوە هەموو شتێکە بۆ من، خاتونی لاوی هەست ناسک (سۆزان یوسفی) لە وەڵامی چەند پرسیارێکی ڕۆژنامەی خەباتدا گوتی:

*** لە زمانی شیعریتاندا وشەگەلێکی ناسک و چپرۆک ئاسای ڕۆمانسی بەدیدەکرێت، ئاخۆ ئەمە زادەی خەیاڵی سحری خۆتانە، یان پەیوستە بە ژیانی واقعیتانەوە؟**

– من شیعر لە سەر هەموو شتێک دەنووسم یانی هەم شیعری خەیاڵەکانم بە کاردێنم هەم ژیانی ڕۆژانەم. زۆربەی شیعرەکانم ئەو قسانەیە کە ناتوانم ڕۆژانە بیاندرکێنم یاخود ئەو خەیاڵانەیە کە نایەتە سەر زمانم.

*** ئێلهامی زۆرێک لە شاعیران خۆشەویستەکەیانە یان دایکە یان نیشتمانە ئیلهامی شیعری ئێوە چییە؟**

– شیعرەکانی من زۆریان لە سەر خۆشەویستین، بەڵام شیعری نیشتمانیشم هەیە، خۆشەویستی نیشتمان لەلای من زۆر گەورەیە بەس ئەگەر بپرسی بۆ شیعری نیشتمانیت زۆر نییە، ئەوە بابەتێکی ترە. من دوورم لە خەڵک و نیشتمانم ناتوانم ئەوەی کە گەنجێک لە کوردستان لە سەر نیشتمان ئەیڵێت بیگۆڕم، چونکە ئەوان لە ناو کێشەکانی ئەو نیشتمانەن، من دەبێت لەوانەوە فێربیم نیشتمان نەک ئەوەی کە خۆم بەوان تێبگەیەنم.

*** تا ئێستا چەند دەڵی شیعریتان کراوەتە گۆرانی؟**

– تاکو ئێستا لە لایەن چەندین هونەرمەندی کورد داوای ئەوەم بۆ هاتووە شیعریان بۆ بنووسم، بەڵام بە ڕای خۆم شیعرەکانی من بۆ گۆرانی نابن لەبەر ئەوەشە بە کەسم نەداون و بیریشم لێنەکردۆتەوە پێیان بدەم.

*** شیعرت بۆ سەربەخۆیی وتوە؟ چی دەڵێیت لەمبارەیەوە؟**

– نەخێر تا ئێستا بە تایبەتی شیعرم بۆ سەربەخۆیی نەنووسیوە، هەر چەند لە ناو شیعرەکانمدا باسی ئەوەم زۆر کردووە، بەڵام بە تایبەتی شیعرم بۆ سەربەخۆیی نەنووسیوە. ئەوە ئاواتی منە، لە ئایندەدا شیعرەکانم ڕوو بکاتە ئەوێ.

*** چەند بەرهەمی شیعریت هەیە؟**

من، چوار دەفتەری شیعرم هەیە، بەڵام سەیرم نەکردووە کە بیانژمێرم.

*** شیعر بۆ کێ دەنووسیت؟**

– من لە ڕاستیدا شیعرەکانم بۆ دەفتەرەکەم دەنووسم وەکو پێشتریش باسم کرد بوو ئەوان بوونەتە دۆستی گیانی من کە لێمتێدەگەن و وەڵامی پرسیارەکانم زۆربەیان دوای شیعرەکانم وەردەگرم.

*** تا چەند توانیوتە، شیعر بۆ پیاوان یان باشتر بڵێین، ئازاد بووی لەوەی شیعر بە بەژن و بااڵی پیاودا هەڵبدەیت؟**

– هاهاها بە ڕای من، چۆن دەتوانین بۆ بەژن و باڵاو زەردەخەنەی کچێک بنووسین، هەر ئاواش دەتوانین لە سەر کورێکیش بنووسین ئەوانیش جوانی خۆیان زۆرە کە وەسف بکرێت.

*** حەز بە شیعری چی دەکەیت ڕۆمانسی یان نیشتمانی؟ بۆ؟**

– هەموو شیعرەکانم زۆر پێخۆشە، بەڵام شیعری نیشتمانیم زیاتر موچڕکە دێنێت بە لەشما، ئەگەر خۆشەویستی بۆ نیشتمان نەبێت، خۆشەویستی بۆ دڵدارێکیش بوونی نییە.

*** پێشمەرگەو شەهیدان لە کوێی شیعرەکانی تۆدان؟**

– هەیبەت و شەهامەتی پێشمەرگە لە باوکمەوە ناسیومە کە ئێستاش وەکو خوێن لە دەمارەکانمدایە یانی سەرەتاو بەردەوامی ژیانی منە. لە هەموو شیعرەکانی منادا پەنجەمۆڕی پێشمەرگەی تێدایە ئەوە نە خۆم و نە کەسێکی تر دەتوانێت بیگۆڕێت

*** چی ئاوێتەی شیعر دەکەیت بۆ ڕازاندنەوەی؟**

– من کارێکی وەها ناکەم بۆ ڕازاندنەوەیان چونکە هیوادارم کۆمەڵگا بتوانێت هەست و خەیاڵی من گەر وەک خۆشی نەبێت، بەڵام کەمتر لە خۆشی بێت، لێی تێبگات.

چاپکراوی نوێ

*** لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئایدیا و میتۆدی پارتی کرێکارانی کوردستان**

کێبی (PKK) پرۆژەیەک بۆ سڕینەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئایدیا و میتۆدی پارتی کرێکارانی کوردستان،بە قەبارەیەکی مام ناوەندی و بەرگێکی جوان و قەشەنگ و 384لاپەڕە لە نووسینی جەمیل کولاهی کەوتە بەردیدی خوێنەران.

*** چما پەکەکە وادەکات؟**

چاپی دووەمی کێبی (چما پەکەکە وادەکات؟) لە بەرگێکی جوان و بە قەبارەیەکی بچووک و 106لاپەڕە، لە نووسینی فەرەنسۆ هەریری کەوتە بەردیدی خوێنەران، هاوکارمان شکار نەقشبەندی دیزاینی بەرگ و ناوەوەی کردووە، لە چاپخانەی ڕۆکسانا چاپ کراوە.





بڵ.. دیمەنی سەرنجڕاکێشی کانییەک

ئەو کانییە بە هۆی باران بارینی زۆری ئەمساڵ و لەنێو تاشە بەردەکانی شاخێکی نێو گوندی بڵێەری ناوچەی هەورامان هەڵدەقوڵێت و بە هێزێکی زۆر ئاوەکەی فڕێدەداتە دەرەوە.

بڵ گوندێکی ناوچەی هەورامانە لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای سنەیە لە کۆماری ئیسلامی ئێران، ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی هەزار کەس دەبێت و بە زمانی هەورامی دەدوێن.

ئەمشوێنە سروشتێکی جوانی سەرنجڕاکێشی هەیە و دەکەوێتە نێو دۆڵێکی ناوچەی هەورامان و بە چیاو باخ و بێستان و ڕووبار دەوردراوە.ئەم ناوچەیە لە چوار وەرزی ساڵدا جوانی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و بە یەکێک لە جوانترین گوندەکانی سەر ڕووباری سیروان کە سەرچاوەیەکی سەرەکی ڕووبارەکە لەم گوندەوەیە ناسراوە.

لەئێستادا یەکێک لە دیمەنە جوانەکانی ئەم ناوچەیە تەقینی کانییەکە لەنێو تاشەبەردەکانی ناوەڕاستی شاخێکی نێو گوندەکەدا کە دیمەنێکی جوانی هەیە و سەرنجی گەشتیارانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. دانیشتوانی گوندەکە دەڵێن، هەر ساڵێک ڕێژەی بارینی بەفر و باران زۆر بێت لە وەرزی زستاندا ئەم کانییە بەو شێوە سەرنجڕاکێشە دەتەقێت و ئاوەکەی بە شێوەیەکی بەهێز هەڵدەداتە دەرەوە بە دووری زیاتر لە 15 مەتر و تا چەند مانگێک بەردەوام دەبێت.

ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو ڕێژەیەکی زۆری بەفر و باران باریوە و لە زۆربەی شاخ و دۆڵەکانی ناوچەکە هاژەی ئاو دێت و چەم و کانیاوەکان پڕ ئاو بوون، ئەوەش هێندەی تر دیمەن و سروشتی ناوچەکەی دڵفێنتر کردووە.



قاوەی ڕۆژە تایبەتەکان، قاوەی مۆرە

قاوەی "مۆرە" کە بە هۆی تامە تاڵەکەیەوە چێژێکی ناوازەی هەیە، بووەتە جێگەی بایەخی ئەو کەسانەی سەردانی پارێزگاکانی باشووری خۆرهەڵاتی ئانادۆڵو دەکەن. دروستکردنی مۆرە سەرەتا بە سوورکردنەوەی دانە سەوزەکانی قاوە و دواتر کوتانیان لەنێو دەسکەواندا دەبێت. دواتر لەنێو قاوەدانی گەورە کە پێی دەگوترێت "گومگوم" لەسەر ئاگری مقەڵی بۆ ماوەی کاتژمێر دەکوڵێندرێت و لە یەکێک لە قۆناغەکاندا بەشەکانی لە یەکتری جیادەکرێنەوە. لە میانی کوڵانیدا چەند جارێک دەپاڵێورێت، قاوە و ئاوی تێدەکرێت و دوای ئەوەی لە پاشماوەکەی جیادەکرێتەوە، بۆ ماوەیەکی دیکە لەگەڵ هێلدا دەکوڵێنرێت. پاشان دەکرێتە نێو قاوەدانێکی مسەوە و ئامادە دەکرێت بۆ پێشکەشکردن بە ئارەزوومەندانی. بە هۆی ئەم کارانەوە ئامادەکردنی مۆرە زیاتر لە سێ کاتژمێری پێدەچێت.

نەریتی پێشکەشکردنی قاوەی مۆرە لە فنجانێکی بچووکی بێ دەسکدا دەبێت و یەک جار پێشکەش دەکرێت لە میانی پێشکەشکردنی بەو کەسەی دەیخواتەوە، گرنگیی زۆر بە ڕیز دەدرێت. مۆرە سەرەتا پێشکەشی بەتەمەنەکان و دواتر پێشکەشی لاوان دەکرێت. بە هۆی قورسیی ئامادەکردنییەوە، هەموو کاتێک قاوەی مۆرە بەردەست نییە و لە ڕابردوودا لە ئاهەنگەکان، پرسەکان و ڕۆژە تایبەتەکاندا پێشکەشدەکرا. لەئێستاشدا لەسەر خواست و داواکاریی لە کافێ و ڕێستۆرانتەکاندا پێشکەش دەکرێت.